# ڕێنووسی کوردی

دکتۆر نەسرین محەمەد فەخری

یاریدەدەری پرۆفیسۆر و سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

لە

کۆلێجی پەروەردە - دانیشگای بەغدا

( فەسڵی یەکەم )

---

ساڵی ١٩٧٧ - ١٩٧٨

# پێشەکی

پێش ئەوەی بێینە سەر رێنووس و چۆنێتی نووسین بە شێوەیێکی راستو تەواو ، پێویستە بزانین کە راست نووسین بەڵگەی شارەزاییو زانینە ، نەك راهاتنو فێربوونە بەو شێوەیەی دەی‌نووسین ••• راست نووسین بەڵگەی شارەزاییو زانینی رێزمانو دەستووری زمانە ، هەروەك شارەزایی لە رێزمانو دەستووری زماندا رێگەی راست نووسینمان بۆ خۆش دەکاتو لە ژێر تیشکی زانستیدا ئەو هەڵەو ناتەواویانە دەدۆزینەوە کە تووشمان دێت •

بۆ هەر کەسەی بیەوێت بنووسێتو بخوێنێت بەبێ هەڵە پێویستە باش شارەزای رێزمانەکەی یان رێزمانی ئەو زمانە بێت کە حەز بە فێربوونی دەکات تا هەڵە لە قسەکردنو نووسیندا نەکات ، کەواتە راست نووسینو قسەکردن بە شێوەیێکی راست لە رێگەی نووسینی راستو گفتوگۆی راستەوە دەردەکەوێت •

کەواتە پێوەندییێکی بەهێز هەیە لە نێوانی زانینی رێزمانو راست نووسیندا •

کەواتە ئەگەر شارەزابینو بڕوامان بەم راستییە هەبێت بێ‌گومان هەنگاوێکی گرنگ دەنێین لە پێشکەوتنداو یەك دەگرین لە نووسیندا ، واتە رێبازێکی پوختو ئاشکرامان دەبێت بۆ نووسین بە شێوەیێکی راستو رێكو رزگاریمان لە نووسینی هەمە چەشنەو جیاواز جیاوازی ئەوتۆ دەبێت کە بە ئاشکرا

دواکەوتن‌و یـەك نەگرتنمان دەخاتە روو لە پاڵ دان نەنـان بە دەستوورو زانستدا ، بۆیە هیوادارین پێش دەستکردن‌و هاتنە سەر دەنگ‌و پیت‌و چۆنێتی نووسین لەم راستییە بگەین‌و بیکەین بە چرای رێـگە روون کردنەوەمان تـا بە زووتریـن کات‌و بە ئاسانی هەنگاوێکی گەورەو فراوان بنێین بەرەو یەکێتی زمان‌و یەکێتی نووسین ٠

هیچ میللەتێك بـە رۆژو دوو رۆژ یان بە سـاڵ‌و دوو ئەم رێگەیـەی نەبڕیـوە بەڵکو بە هـەوڵ‌و تەقـەلاو تاقی‌کردنـەوە گەیشتۆتە ئەمـڕۆی ٠٠ تاقی‌کردنەوەی ئەوان‌و ئـەم سەدەیەی تێیدا دەژین لـە پاڵ تاقی‌کردنەوەیێکی دوورو درێـژی خۆمان رێگەی ئێمە سووك‌و خۆش‌و کورت دەکاتەوە ٠

نووسینی ئەمڕۆمان یەکسەر بەم جۆرە دەستی پێ نەکردووە ، بەڵکو لە سەرەتای دەست کردن بە نووسین بە کوردی‌و هەڵبژاردنی پیتە عەرەبییەکان بۆ ئـەم مەبەستە تا بە ئەمڕۆ قۆناغێـکی باشی بڕیوە لەسەر دەستی شارەزایان‌و دڵسۆزان تا لە شێوەی ئەمڕۆیدا چەسپی ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جیاوازی‌و گومان جێگەی خۆی کردۆتەوە لە نێوان نووسەران‌و خوێندەواراندا ٠٠٠ بەڵێ ئێمە تا ئێستا لەگەڵ ئەوەشداو پاش هەوڵ‌و تەقەلاو تاقی‌کردنەوەیێکی باش ، هەڵە هـەر جێی خۆی خۆش کردووە لـە نووسینماندا ، سەرەڕای نووسینی هەمە چەشنە کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێك یان لە چاپکراوێکەوە بـۆ چاپکراوێك خۆی دەردەخات ٠ کـە بە راستی هیچ هۆیێك نیـە بۆی تەنیا سوور بـوون نەبێت لەسەر

هەڵەو هەوڵ نـەدان بۆ یەك‌گرتنەوە لـە راستیدا ، بەڵکـو بڕوا کردن بە رای ئـەمو ئەوو راهاتن نـەك بە راسـتیو زانستو هەوڵدان پیشەمانە ٠

ئێمە نامانـەوێت لەسەر ئەم پێشەکییە بـە دوورو درێژی بدوێین بەڵکو روونکردنەوەی ئەم راستییە زیاتر ، بۆ باسەکە خۆی بەجێ‌دەهێڵین ، بە هیوای ئەوەی بتوانێت دەست بخاتە سەر ئەو راستییانە ٠

ئەمڕۆ بەتایبەتی لە ناوچەی عـیراقدا ئەلفو بێی عەرەبی کـراوە بـە کەرەسـەی نووسـینی کـوردی پـاش گەلێـك کۆششو بڕینی ماوەیێکی باش بـۆ دەستکاری‌کردنی ئەو پیتانە بۆ گونجانیان لەگـەڵ ئەو دەنگانەدا کـە لە کوردیدا هـەنو لە عەرەبیدا نینو پـاش ئەوەی چەند جارێك ئاڵۆگۆڕ بەسـەر هەر دەنگەدا هات تا بە تا بە تەواوی ناسراو جێگەی خۆی چەسپاند لە نێوانی دەنـگەکانی تردا بە دانـانی وێنەیێکی دیـارو ئاشکرای گونجاو بۆی ٠

هۆی هەڵبژاردنی پیتە عەرەبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ زانینی ئەم (ئەلفو بێ)یەو زانینی زمانی عەرەبیو خوێندنو نووسین پێی ٠٠٠ چونکە هەموو دەزانین دەستەی یەکەم لە خوێندەوارانو رۆشنبیران لەکوردستاندا ئەوانەبوون کە قوتابخانەیان مزگەوتو تەکیە بوو ، مامۆستاکانیان مەلاو فەقێ بوو ٠٠٠ کە بە قورئان لەبەرکردنو فێربـوونی ئاینی ئیسلام دەستیان پێ‌کـرد ٠٠ جا لەبەر ئەمە وا بەبـاش زانرا کە ئەم (ئەلفو بێ)یە بکـرێت بە

کەرەسەی (ئەلف و بێ)ی کوردی و نووسین بە کوردی و نووسینەوەی سامانی نەتەوایەتی و رەنجی نووسەران و ئەدیب و شاعیری پێ تۆمار بکرێت ·

ئەم هەستە کەی دەستی پێکرد ؟

ئەم هەستە لە دەستە خوێندەوارو رۆشنبیرانەوە دەستی پێکرد هەروەها لەو شاعیرانەوە کە سەیریان کرد هیچ رێگایێك نیە بۆ پاراستنی سامانی ئەدەبیی ئەم میللەتەو پاراستنی بەرهەم و زاخاوی مێشکیان تەنیا بە لەبەرکردنی ئەو بەرهەمانە نەبێت ، ئەمەش بێگومان کارێکی لە توانا بەدەرە · هەروەها ناردنی رۆڵەی کورد بۆ مزگەوت نانە بەر خوێندن زیاتر ئەم بیرەی چەسپاندو تاقیکردنەوەی فارسەکان و دەست پێشەکییان و زانینی بەشێك لە خوێندەوارو ئەدیب و شاعیرە کوردەکان بۆ ئەم زمانەو نووسینیان بەم زمانە لە لایێکەوە ، لە لایێکی ترەوە نووسینی عوسمانیەکان بەم (ئەلف و بێ)یەو کردنی بە کەرەسەی نووسین و خوێندن و ناردنی بەشێك لە پێگەیشتووە کوردەکان بۆ (ئەستانە ــ تورکیا)و تەواوکردنی خوێندن و بوونیان بە مووچە خۆری میری زیاتر ئەم بیرەی بەهێز کرد ، چونکە ئاسانترین و کورتترین رێگە بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە ·

هەنگاوی یەکەم نووسین دەستی پێکرد بەو (ئەلف و بێ)یە بەبێ هیچ دەستکارییێك ، بەڵام پاشان و بەرە بەرە هەست بەوەکرا کە ئەو پیتانە دەنگە کوردییەکان پڕناکەنەوە ، هەروەك هەندێك پیت هەن بۆ جۆرە دەنگێکن کە لە کوردیدا وێنەیان نیە ·

ئەم تێبینییە سەرنجی ئەو کۆمەڵەی راکێشا بۆیە هەنگاوێکی تازە دەستی پێکـــرد ئەویش هەوڵدان بۆ دانانی وێنە بـۆ ئەو دەنگانە ... ئەم کارە بەو جۆرە ئاسان نەبوو و بە رۆژو دوو رۆژو جــارو دوو جــار نەهاتــە دی بەڵکو بە هــەوڵو تەقەلاو کۆششێکی بــەردەوامو جارە جــارە پچڕ پچڕو وەســتاو لەگەڵ لێکدانەوەو تاقیکردنــەوەی هەندێــك لــە دەنــگەکان چەندین هەنگاویان بڕیــو چەندەهــا ئاڵوگۆڕیان بەســەردا هات(*) ، تا ئەمڕۆش هــەن جیاوازیی نووسینیانو جۆری دەگەڕێتــەوە بۆ مانەوەیان لەسەر ئــەو نووسینە کۆنانەو هەوڵنەدانیان بــۆ خۆ رزگار کردن لــە دەردی راهاتــنو دەق گرتن لەسەر شــتێك با هەڵەش بێت پێیان باشترە لە رێبازی تازە با راست بێتو بە پێی دەستوورو زانستیش بێت .

ئەوەی لەم پێشەکیەدا دەربارەی وەرگــرتنو بەکار هێنانی نووسینی عەرەبی گوتمان دەتوانین هەمــان شت بڵێین دەربارەی نووسین بە (ئەلفو بێ)ی لاتینی کە لە عیراقو تورکیاو سوریاو یەکێتی سۆڤیەت کەوتە کار لە پاڵ (ئەلفو بێ)ی عەرەبیدا .

(ئەلفو بێ)ی لاتینی لە تورکیا پاش گۆڕینی (ئەلفو بێ)ی

---

(*) نەك تەنیا ئامرازی کاتی ئێستاو نیشــانەی بەردەوامیشە بەڵکو نیشانەی دروستبوونی کاتی ڕابــوردووی بەردەوامە (الماضی الاستمراری) لــە هۆی بوونی ئەم تایبەتییە تێیدا وەك ـ دەچــووم ، دەهات ، هەروەها نیشانەی هاندانە (تحریض) وەك : دەبڕۆ و دەزووکە ، دە بیبڕەوە ، دە لە سەری بڕۆ واتە بۆ جێبەجێکردنی کار زوو بەزوو یان ڕاگــرتنو وازلێهان ، هەروەها ناوی ژمارە (۳۰)ئە ...

عەرەبی ، لـە یەکێتی سۆڤیەت پاش گۆڕینی بـە (ئەلفو بێ)ی رووسی پاش ساڵی ١٩٣٦ ٠ لە سوریا (ئەلفو بێ)ی لاتینی بە کەوتنە ژێـر بارو کاری زمانی فەرەنسی ، لە عـیراق ژێر کاری زمانی ئینگلیزی بۆیە دەبینین دووبارە جیاوازی لە نێوانی ئەو (ئەلفو بێ)یەدا هەیە ، هەرچەندە خوێنـدنەوە پێیان ئەوەندە زەحمەت نیە ٠

---

(★) هەر یەکە لەمانە بە نموونەوە لە شوێنی خۆیدا دەخرێتە روو

## دەروازەی یەکەم

پێش ئەوەی بێینە سەر پیتو وێنەکانی پێویستە لەمانەی خوارەوە دەست پێ بکەین تا بەرە بەرە دێینە سەری لەبەر پەیوەندیی بەهێزی نێوانیان و نێوانی ڕێنووس ٠

**١ ـ زمان :**

ڕوونکردنەوەو بەیان کردنی بیروباوەڕو هەستە لە ڕێی قسە کردن و گفتوگۆ کردنەوە و دەنووسرێت ٠

**٢ ـ ئاخافتن : ـ**

دەربڕینی دەنگە لەڕێگەی دەمەوەو بە یاریدەی ئەندامانی ئاخافتن و زمانەوە ٠٠ بە تایبەتی ٠٠٠

**٣ ـ ووشە :**

کەرەسەی زمانە ، لە بڕگەیێك یان زیاتر پێك دێت ، دەگوترێت و دەنووسرێت ٠٠٠

**٤ ـ نووسین : ـ**

دەربڕین و ڕوونکردنەوەی دەنگەکان بە هۆی وێنەی درووستکراوەوە کە پێی دەڵێن (پێت) ٠

**٥ ـ پیت :**

وێنەی دروستکراوە بۆ ئەو دەنگانەی کە ئاخافتن دروست دەکەن ، یان ئەو نیشانانەن کە بۆ پیشاندانی دەنگ دانراون ٠٠ لە هەر زمانەدا ٠

ئێستا لە خوارەوە ( پیتەکان ) و وێنەو دەنگیان دەخەینە ڕوو ٠

**٦ ـ دەنگ :**

ئەو زەنگەیە کە کاتی دەربڕین دەردەکەوێت ٠

**٧ ـ بڕگە :**

ئەو دەنگانەن کە بە یەك نەفەس لە دەم دێنە دەرەوە* ٠

**بڕگە دوو جۆرە :**

**١ ـ بڕگەی کورت ٠**

**٢ ـ بڕگەی درێژ ٠**

**١ ـ بڕگەی کورت :**

لە یەك پیتی دەنگ و بزوێنێك پێك دێت وەك : با ، کا ، نا ، بۆ ، گا ٠ هتد ٠٠٠

ئەگەر سەرنجی ئەو نموونانەی سەرەوە بدەین دەبینین لە هەمان کاتدا وشەن ٠٠٠ کەواتە هەندێك جار :

**بڕگە = وشە**

کەواتە بچووکترین وشە لە بڕگەی کورت دروست دەبێت ٠

**٢ ـ بڕگەی درێژ :**

لە دوو پیتی دەنگ و بزوێنێك لە ناوەڕاستدا پێك دێت وەك : چاو ، ڕاو ، دار ، تێر ، تیژ ، دوور ، کڕ ، ڕەز ٠

---

(★) وشە لە یەك دەنگ پێك نایێت ، یەك دەنگ پیتە ، پیت لە یەك دەنگ پێك دێت ، بچووکترین وشە بچووکترین بڕگەیە ، بچووکترین کەرەسەی وشە دەنگە ٠ لەمەودوا دێینە سەریان ٠

## ٣ ـ بڕگەی درێژ تر :

بڕگەیەکی درێژە و کۆتایی بە دەنگێکی کپ هاتووە وەك : دەست ، ماست ، پەست ، خوشك ، پشت ، تەشت ، خەست ، واتە : بڕگەی درێژ + دەنگێکی کپ

بۆیە ئەگەر گونجا ئەو پیتە فڕێ دەدرێت لە قسە کردندا وەك : ( دەست ) دەبێت بە ( دەس ) •

یان دوو دەنگی کپی دووایی دەکرێت بە بڕگەیێك درێژ و لە بڕگەیێکەوە دەبێت بە دوو ، وەك : تەشت Te/Sit خوشك = xusik

## ؟ نیمچە بڕگە

نیمچە بڕگە بەو بڕگەیە دەگوترێت کە لە پاڵ بڕگەیێکی تر دەردەکەوێت ، واتە پێش بڕگەیێکی تر دێت چونکە بە تەنیا توانای ئەو دەرکەوتنەی نیە •

ئەمەش ئەو بڕگانە دەگرێتەوە کە لە پیتێکی کپ و ئەو بزوێنە کورتە پێك دێت کە وێنەی نیە یان بۆی دروست نەکراوە تا ئێستا و بە لاتینی ( : ) یە •

وەك :

برا ـ ب ـ را

چنار ـ چ ـ نار

پیاو ـ پ ـ یاو

تەنیا ئەو بڕگانەی کە لە دەنگێکی کپو ئەم بزوێنە پێكدێن، وشە دروست ناکەن ، بەڵام دوو دەنگو ئەم بزوێنە وشە دروست دەکەن ، وەك :

کڕ ، دڕ ، سڕ ، ژن ، مڕ ، خڕ ، شڕ ، کل ، مل ، چڵ ؛ جل

گڵ ... هتد .

کەواتە بڕگە بێ بزوێن نابێت ، بە پێی ژمارەی بزوێنەکان لە وشەدا ژمارەی بڕگە دەزانین .

وشە هەیە لە یەك بڕگە پێك‌دێت ، کەواتە وشەی یەك بڕگەیی هەیە ، هەیە لە دوو بڕگە ، وەك :

مژدە ، بەڵگە ، منداڵ ، ئاسمان . یان لە سێ بڕگە پێك‌دێت وەك : سەبەتە .

## هێز : (سترێس)(*) :

(هێز) یان (سترێس) لە زماندا بریتییە لە بەهێزکردنی بڕگەیێك لە وشەیێکدا بە پێی پێویست ، واتە هەر وشەیێك لە هەر رستەیێکدا کاتی قسەکردن ، ئەو وشەیەی کە قسەکەر دەیەوێت سەرنجی بەرانبەری بۆ رابکێشێت لە ناو ئەو رستەیەدا، بۆ نموونە ئەگەر ئەم رستەیە وەرگرین : (ئەندامەکان لە کۆبوونەوەدان) کە وشەی (ئەندامەکان) بە تەنیا لە دەم دێتە دەرەوە ، بڕگەی (کان) کە دوا بڕگەیە ، دەربڕینی بەهێزترو توندترە لە دوو بڕگەکانی‌تر کە بریتین لە (ئەن)و (دام) ، بەڵام لە رستەی (ئەندامەکان لە کۆبوونەوەدان) پێویستە ئەو هێزە بخەینە سەر یەکێك لە وشەکانی ئەو رستەیە ، ئەگەر مەبەستمان تەنیا ئەوە بێت کە لە (کۆبوونەوەکە)دا تەنیا ئەندامەکان هەن‌و کەسی کە نیە ، ئەو هێزە دەخەینە سەر وشەی (ئەندامەکان) ، بەڵام ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێت کە (ئەندامەکان) لە هیچ شوێنێك نین تەنیا لەو کۆبوونەوەیەدا نەبێت ، ئەو هێزە دەکەوێتە سەر وشەی (کۆبوونەوە)کە .

---

(*) النبـرة .

لەبەر ئەمە پێویستە بزانین کە بەکارهێنانی (هێز ـ ستریس) پێویستە بۆ دەربـڕینی مەبـەست بە شـێوەیێکی رێكوپێـك ، هەروەها پێویستە بشزانین چۆنو کەیو لە کوێدا بەکاری بهێنین ، چونکە دەورێکی ئاشـکرای هەیە لە روون کردنـەوەی مەبەستی قسەکەر ... بۆ بەڵگە سەرنجی قسەی خۆتو ئەموئەو بدە کاتی گفتوگۆ کردن پاشـان ئەو قسانـە وەك یەكو بـەبێ (ستریس) بڵێنەوە یان دووبارەی بکەنەوە .

## پیتەکان

## ( ئەلفو بێ )ی کوردي

| | وێنه | دەنگ | | وێنه | دەنگ | | وێنه | دەگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ ـ | ء | هەمزه | ١٢ | ژ | ژێ | ٢٣ | ڵ | ڵام |
| ٢ ـ | ب | بێ | ١٣ | ش | شین | ٢٤ | م | میم |
| ٣ ـ | پ | پێ | ١٤ | س | سین | ٢٥ | ن | نوون |
| ٤ ـ | ت | تێ | ١٥ | ع | عەین | ٢٦ | ه | هێ |
| ٥ ـ | ج | جیم | ١٦ | غ | غەین | ٢٧ | ۆ | واو |
| ٦ ـ | ح | حێ | ١٧ | ف | فێ | ٢٨ | وو | ئوو |
| ٧ ـ | خ | خێ | ١٨ | ڤ | ڤێ | ٢٩ | و | ئو |
| ٨ ـ | د | دال | ١٩ | ق | قاف | ٣٠ | ی | ئی |
| ٩ ـ | ر | رێ | ٢٠ | ك | كاف | ٣١ | ێ | یێ |
| ١٠ ـ | ڕ | ڕێ | ٢١ | گ | گاف | ٣٢ | ە | ئە |
| ١١ ـ | ز | زێ | ٢٢ | ل | لام | ٣٣ | ا | ئا |

**تێبینی :**

بە وردی سەرنجی هەر دەنگەو وێنەکەی بدەن چونکە دەنگ بڕگە دروست دەکاتو بڕگە وشەو وشە رستەو رستە زمان ..

ئێستا یەکە یەکە باسی هەر پیتەو بەکار هێنانی دەکەین .

بەڵام لەبیرت نەچێت کە (٣٣) پیت یان وێنەن لە سەرەوە .

١ ـ ( ء ) ئەمە وەك هەمزەیە لە عەرەبیدا کە هەموو دەیزانن چۆن بەکار دێت ... هەمزە بزوێن نیە ، بەڵکو دەنگێکی کپە (Consonant) ، تەنیا لە سەرەتای وشەدا دێت بە دانانی لەسەر ئەم وێنەیە کە پێی دەگوترێت (کورسی) یان (رکزە)(*) . لەگەڵ بزوێندا بەم جۆرەی خوارەوە بەکار دێت و دەردەبڕێت :

ئە لەگەڵ بزوێنی (ە) ـ وەك ـ ئەسپ ، ئەنجومەن ، ئەگەر ، ئەرك ، ئەرز ، ئەردەلان ، ئەختەر .

ئا ء + بزوێنی (ا) = ئا ، وەك :

ئاگر ، ئاژەڵ ، ئامانج ، ئاسان ، ئاسك ، ئاواز ، ئازا ، ئازاد ، ئالان ، ئاگا ، ئارەزوو ، هتد

دووبارە لە پێشەوە دێت .

ئو ء + و = ئو . وەك

ئومێد

ئوو ء + وو ( بزوێنی درێژ ) = ئوو . وەك

ئووچ ، ئووی .

ئۆ ء + ۆ ( واوی کراوە ، یان سووك ) = ئۆ وەك :

---

(*) لە عەرەبیدا لە (ئەلفو بێ)دا باس ناکرێت ، لە نووسیندا بەکاردێت .

ئۆخەی ، ئۆغر ، ئۆتۆنۆمی ،

ئۆردو ، ئۆردوخان

ئی    ء + ی = ئی ، وەك

ئیمزا ، ئیمڕۆ

ئێ    ئ + ێ (یێی کراوه یان سووك ) = ئێ • وەك :

ئێمه ، ئێوه ، ئێواره ، ئێستا •

**تێبینی :**

١ ــ هەمیشه دەکەوێتە سەرەتای وشه

٢ ــ لەگەڵ زۆربەی بزوێنەکاندا بەکاردێت

٣ ــ لە نووسیندا بە ڕووتی نانووسرێت بەڵکو دەخرێتە سەر کورسی •

٤ ــ پیتێکی کپە نەك بزوێن •

ئەمە تەنیا لە (ئەلف و بێ )ی عەرەبیی بەکار هاتوودا نەك لــە لاتینی •

٢ ــ ب پیتێکی کپە ••• دەکەوێتە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی بە پێی پێویست •

**لە سەرەتادا :**

لەگەڵ (ە) بەرسیله ، بەرەزا ، بــەرخ ، بەهــار ، بــەرد ، بەرگ

برنج ، بڕگه •

لەگەڵ ۆ بۆر ، بۆز ،

---

(★) ئەمە تەنیا لە (ئەلفوبێ)ی عەرەبیی بەکارهاتووه نەك لە لاتینی •

لەگەڵ   وو بوون ،
لەگەڵ  و  بوردن ،
لەگەڵ  ی  بیر ،
لەگەڵ  ێ  بێڵ ، بێخ ، بێزار ٠

**لە ناوەڕاست**

سێبەر ، ڕووبار ، زێبار ،

**لە کۆتاییدا :**

زێراب ، دۆڵاب ٠

٣ ـ پ  پیتێکی کپەو لە دەنگی پیتی (ب)وە نزیکە بۆیە یەکسەر وێنەی ئەو وەرگیراوە و دوو خاڵی تری خراوەتە ژێر بۆ جودا کردنەوەی ٠ بۆ نموونە :

پشت ، پرچ ، پەپوولە ، پەست ، پوولەکە ، پیـلان ، کووپە ، پەنا ، پەری ، پەنجە ، پەروین ، هتد ٠٠٠

**تێبینی :**

● پاشان دێینە سەر ئەم بزوێنە بە وردی ٠

١ ـ پیتێکی ڕەسەنەو لە زۆربەی زمانە هیند و ئەورووپیەکاندا هەیە ٠ بەم جۆرە دەنووسرێت (١) ٠

٢ ـ بەکارهێنانی زۆرە و دەکەوێتە هەموو شوێنێك لە وشەدا٠

٣ ـ لەگەڵ زۆربەی بزوێنەکاندا بەکاردێت ٠

٤ ـ لە عەرەبیدا نیە بەڵام چۆتە قسەی ناو خەڵك لە ڕێی وشەی زمانەکان و زمانی ترەوە : وەك : پوول( پول )، پاشە ، پەنچەرو پەرچەم و پیرچم ٠٠٠ هتد ٠

٤ ـ ت    پیتێکی کپە ·

نموونە وەك :

تەڕ ، تەنگ ، هەتاو ، هەست ، رستە ، بەخت ، بەهەشت ،
تارا ، تووك ، توێکڵ ، توو ، تازە ، تووتن ، کۆتر ، تەور ،
تا هتد ·· ، تەرزە ، تاو ، تفت ، تـوێخ ، توور ، تیر ،
تیژ ، تێر · هتد ···

٥ ـ ج    کپە ، وەك :
جەرگ ، جەنگ ، جاو ، جیهان ، جامانە ، برنج ، ئامانج ،
سەرەنج ، مـەرج ، ئەنجومەن ، جێ ، جیر ، جـۆر ، جۆ ،
جووت ·· ، جل

٦ ـ چ    کپەو لەبەر نزیکی لەدەنگی ( E ) وەە · هەمان وێنە
وەرگیراوە و دووخاڵی بۆ زیاد کراوە ···

نموونە :

چاو ، چارە ، چەوت ، پێچ ، چل ، چوار ،
چەتـر ، چـەرم ، چویت ، پاچ ، پـووچ ، مەچـەك ،
رەچەڵەك ، پرچ ، لیچ ، خونچە ··· هتد ·

ئەم پیتە لە گەلێك زماندا هەیە ، لە عەرەبیدا نیە بەڵام
چۆتە زمانی خەڵکەوە ، سەرنجی قسەیان بدەن :

یەك : کاتی بەکارهێنـانی ئـەو وشـانەی چوونەتـە
عەرەبیەوە ، وەك :

ماکو چارە ، چرپایە ، چمچە ··· هتد ·

دوو : لە گۆڕینی پیتی (ك) بە (چ) کە زۆرە بۆ نموونە:

چماله ، چم (کم) ، چان (کان) ، چنك (کأنك) ...
هتد .

٧ ـ ح کپەو کەم بەکار دێت ، بە زۆری لەگەڵ ئەو وشانەدا بەکاردێت کە لە عەرەبیەوە چوونەتە کوردی ... چونکە لە بنجدا پیتو دەنگێکی کوردی نیەو لە زمانە هیندو ئەوروپیەکاندا بەکار نایێت .
بۆ نموونە :
حەوت ، حەمام ، حەفتا ، حەفتە ، حەڤدە ، حەوتەوانە ، حازروبزر (حازر خۆری بن سێبەر) ، حەیا ، حەلاو ، حەڵوا ... هتد .

٨ ـ خ کپە
وەك : خەو ، خەڵووز ، خام ، خەزان ، خەزێم ، خاو ، خان ، خەڕەك ، خورما ، باخەڵ ، بەخت ، وڵاخ ، مرخ ، خێزان ، خاڵ ، خاك ، چەرخ ، خورشید ، خاوەر ... تەخت ... هتد .

٩ ـ د (دال) کپە .
وەك : دوو ، دووکەڵ ، دۆ ، دۆشاو ، دوور ، دەرد ، مەرد ، دار ، دەنگ ، دانا ، دێو ، دیو ، گەردن ، داو ، داخ ، دۆخ ، هەرد ، گەرد ، دۆڵ ، بەرد ، داس ، دەر .

١٠ ـ ر کپەو سووکە :
بە هیچ جۆرێك لە سەرەتای وشەو بڕگەدا دەرناکەوێت، بە پێچەوانەی ڕێی (ڕ)یی قەڵەو ، بەڵکو لە ناوەراستو

کۆتاییدا دەردەکەوێت ، وەك :

برین ، بەرد ، بار ، باران ، بۆران ، بەرگ ، هەور ، پیر ، زار ، دار ، شار ، بەرخ ، بەرز ... هتد .

١١ ــ ڕ کپو گڕە .. بە پێچەوانەی (ر)ێی سووك . هەمیشە ئەگەر کەوتە سەرەتای وشە (گڕ) دێت واتە دەکەوێتە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتـایی ... لەبەرئەوەی رێی سووك ناکەوێتە سەرەتا بۆیە بە هەڵەی دەزانین ئەگەر نیشانەی خرایە ژێر لە سەرەتادا ، چونکە دانانی ئەوە دەگەیێنێت کە (ر)ێی سووکیش هەیە لە سەرەتادا .

بۆ نموونە :

رەنگ ، رابەر ، رەنج ، راو ، رێوی ، ریز ، رێز ، رۆخ ، ران ، راز ، رێك ، رووبار .

لە ناوەڕاستدا :

هەردوو (ڕ)ێ دێـن بۆیە پێویستە بە ئاگادار بـین لە نووسینیان ، چونـکە دانـانی حەوتەکەی ژێـری یان لادانی کار دەکاتە سەر واتاو ناوەرۆکی وشە زۆر جار

بۆ نموونە :

برین ، بڕین .

یەکەم ناوەو بە واتای (زام) ، دووەم چاوگەو بە واتای کەرت کردن .

هەروەهاش لە کۆتاییدا ، بۆ نموونە :

کەر ، کەڕ .

یەکەم ناوی ئاژەڵە (گوێدرێژ) ، دووەم ناوی جـۆرە

نەخۆشییەکە تووشی گوێ دێت ، بۆیە مرۆڤ گوێی لە هیچ نیەو پێی‌دەڵێن کەڕ .
گەڕ ـ گەر (کورت‌کراوەی ئەگەر) .

**تێبینی :**

ئەم پیتە لەو پیتانەیە کە گەلێك ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات تا چەسپی لەم وێنەیەدا ، بۆ نموونە :

١ ـ لەسەرەتا هەر وەك (ر) ێی سووك دەنووسرا .

٢ ـ ئەنجامی هەست کردن بە جیاوازیی لە (ر) ێی سووك .

بە (شدە)ی عەرەبی جودا کرایەوەو وا زانرا کە (شدە) یە نەك پیتێکی سەربەخۆی گڕە ... لەکاتێکدا (شدە) لێکدانی دوو دەنگی هەمە چەشنەیە ... لە نووسیندا بۆ کورت کردنەوە بەکار دێت .

٣ ـ بۆجودا کردنەوەی لە عەرەبی ـ (شدە) کە کرایەوەو دوو (ر)ێ دوو بە دووی یەك بەکار ـ هێنرا ئێستاش هەن هەربەو جۆرە دەی نووسن وەك: ررەنگ رروو ، بررین ، برر برراکە هتد ...

٤ ـ پاشان هەستکرا ، پیتێکی سەربەخۆیە ، بۆیە بە حەوتێکی بچووك کەخرایە ژێری لە(ڕ)ێی سووك جودا کرایەوە .

تێبینی :

له پیتەکانی تردا کە دووبارە ئەم نیشانە یەیان لەگەڵدایە دەخرێتە سەرەوە ، تەنیا لێرەدا نەبێت لەسەرەوەی دادەنرێت ، بێ ئەوەی هۆیێك هەبێت .

١٢ ـ ز زین ، زەمین ، زەنگ ، ئاواز ، بازار ، مەرەزە ، مزگەوت ، پیاز ، پێز ، بێز ، زێڕ ، زرنگ ، زەبر ، زووخاو ، زۆزگ ، باز ، راز ... هتد .

١٣ ـ ژ وەك : ژوان ، ژیشك ، ژوور ، رۆژ ، ژمارە ، ژاڵە ، ژەنگ ، مژدە ، بژاردن ، ژین ، ژان ، ژەم ، هەژار ، مێوژ ، بێژنگ ... هتد .

ئەم دەنگە رەسەنەو بریتییە لە وێنەی دەنگی (ز)ێ بە زیادکردنی دوو خاڵ بۆی ، لە زمانی تردا هەیە ، وەك : فەرەنسیو رووسیو ئەڵمانی چۆتە زمانی خەڵکی عەرەبەوە ، لە عیراقو سوریاو لوبنانو لەناو کۆچەرو دێهاتیەکاندا پیتی (ج)یم دەکرێت بە (ژ)(*) .

١٤ ـ س وەك : سەر ، دەست ،ماست، داس ،کەس ، کەساس، سیر ، سەیران ، سەیوان ، سێبەر ، سەوزە .

١٥ ـ ش وەك : شیر ، شەو ، پاشکەوت ، بەهەشت ، درشت، رەش ، بەش ، گەش ، هێرش ، وەنەوشە ، شەوبۆ ، شەنگ ، شێر ، مشك ، مێشوولە ، شیلان ، پشیلە ، شەوارە (بەر شەوارە کەوتووە) .

١٦ ـ ع  ئەم دەنگە کوردی نیە ، لەعەرەبیەوە هاتووە ، ئەمرۆ چۆتە ریزی دەنگە کوردییەکان چونکە لەگەڵێك وشەدا بەکار دێت :

١ ـ لەو وشە عەربیانەدا کەچوونەتە زمانەکەوە وەك : عەیب و عار ، عەزێت و عازەب و عومـرو عەسکـەرو عافێت و هتد ...

٢ ـ بەگۆڕینی دەنگی (ء) هەمزە بۆ(ع)ین وەك: ئاسایی ـ عاسایی ، ئاسمان ـ عاسمان ... هتد .

٣ ـ لەوشەی تردا کە بەبێ (ع) ین دەربڕینی بەر گوێ نەکەوتووە ... وەك : بەعە ، مەعە .... هتد ...

١٧ ـ غ  چیغ ، باغچە ، تیغ ، غونچە ، غەمبار ، غاردان .

**١٨ ـ ڤ  ڤەرهەنگ ، ڤـەرهاد ، ڤـراوان ، ڤەرموون ، ڤـرە ، ڤەرەیدوون ، بەڤر ، لێڤە ، لاڤاو ، ڤیز ، ڤێ .**

١٩ ـ ڤ  ڤیان ، ئاڤان ، نڤیسین

---

(★)١ ـ  لەوانەیە لە دەرەوەی عیراق زمانی فەرەنسی کاری تێکردبن .

(★)٢ ـ  (ش) ینیش دەبێت بە (ژ) لە وشەی (شگد) و دەخوێنرێتـەوە (ژگد) ، چونکو (ش) ین لەگەڵ (گ) دەربڕینی قورسە ، بە پێچەوانەی (ژ) ، بـەڵام لەگەڵ (ك)دا دەگونجێت بە پێچەوانەی (ژ) .

حەڤدە ، هەڤاڵ
بە زۆری لە شێوەی ژووروودا بەکاردێت ، لە شێوەی خوارووودا ئەنجامی کاری زمانی عەرەبی (ڤ) بووە بە (و) او ...

ئەم دەنگە رەسەنەو لە زۆربەی زمانەکانی هیندو ئەوروپیدا هەیە ...

٢٠ ـ ق وەك : قەڵەو ، قازانج ، قاز ، بۆق ، قوڕ ، قەوارە ، قوڕگ ، قێز ، قورس ، قۆز ، قۆستنەوە ، قوڵنگ ...

لەگەڵ دەیەها وشەی تر ، بە تایبەتی ئەوانەی لە عەرەبییەوە چۆتە کوردییەوە ، وەك :

قەرز ، ئەنقەست ، مەقەس ، قومار ، قیمە ، قەبز ، قەڵەم ، قاوە ، عەقڵ ، ماقوول ، قەد ...

وەك دەرکەوت ئەم دەنگە کوردی نیە و ئەمڕۆ چۆتە ڕیزی دەنگە کوردییەکانەوە ، بەڵکو بە گشتی لە زمانە هیندو ئەوروپییەکاندا نیە ... بەڵام لە کوردیدا چەسپیوە و لە وشەی وەهادا بەکاردێت کە نە لە عەرەبیدا هەیە و نە لە کوردیدا هاومەبەستی هەیە یان بە جۆرێکی تر بیسترابن .. دوور نیە دەنگەکە *، (کاف) بووبێ ... هەندێك وشەش تورکین وەك : قوزەڵقورت ، قەڵەباڵغ ، قەرەداغ ، قەرەهەنجیر ، قەزاتە ، قشڵە ... ت

- لە عەرەبیدا خەڵکەکە بە تایبەتی لە ناوچەی عیراقدا ( ق ) دەکەن بە (گ) .

٢١ ـ ك وەك : کێو ، کیف ، کێم ، کەی ، خاك ، زگماك ، کڕ ، لاوك ، کەو ، کاروان ، لانك ، کۆلەکە ، کاڵ .

٢٢ـ گ*: گەرمەژنە ، چنگ ، پڵنگ ، گیا ، گێوژ ، گۆپاڵ ، نەهەنگ ، هەنگوین ، برژانگ ، گوێز ، هتد ...

---

★ هەن(گ)و(ك) بە دوو دەنگ و دوو پیت دادەنێن وەك(ل)و(ر) ، ئەمە ڕاست نیە چونکە هەر یەکێکن بەڵام نەرمی و سووکیی هەندێك بزوێن کار دەکەنە سەریان و بەو جۆرەیان لێ دێت لە کاتێکدا لە بزوێنەکانی تردا وەك خۆیان دەمێننەوەو وەك (کاف)ی عەرەبی پیتی(کاف)دەردەکەوێت سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەن :

★ کا ـ گا | کۆڕ ـ گۆڕ | کێل ـ گێل
کەڕ ـ گەڕ | کوڕ ـ گوڕ | کوێ ـ گوێ
کڕ ـ گڕ | کووڕ ـ گووڕ | کیسەڵ ـ گیر

ـ بیان خوێننەوە بە وردی و گوێ لە دەنگەکان بگرن دەبینن لەگەڵ کۆمەڵە بزوێنی یەکەمو دووەمدا وەك عەرەبین ، واتا وەك خۆیان دەردەبڕێن ، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵە بزوێنی سێیەمدا چونکە نەرمن ، نەرم دەبنو تا ڕادەیێك دەکەونە نێوانی دەنگی (چ)و (ئەو دوو دەنگە) ، ئەگەر دوو (ك) یان دوو (گ) بوونایە دەبوو لەگەڵ ئەو بزوێنانەشدا جارێك واو جارێك وا بەکار بهاتنایە ، ئەمە لە زمانی تورکیشدا وایە ، تایبەتیە بە سروشتی زمان و جۆری دەربڕین و بزوێنەکانو ئەندامانی ئاخافتنەوە ، چونکە ئەوانەی ئەم تایبەتیە لە زمانەکەیاندا نیە ناتوانن بەو جۆرە دەری ببڕنو بەوەشدا دەزانرێت کە سەر بەو زمانە نین ، یان بەو زمانە زمانیان نەکراوەتەوە و پێی ڕانەهاتوون .

٢٣ــ ل لامی سووك :

وەك دەنگی لامی عــەرەبی لە ســەرەتادا ، بــەڵام وەك دەردەکەوێت لە زمانی تریشدا لە سەرەتادا سووکە ، بە پێچەوانەی ( ر ) کە لە عەرەبیدا دووبارە لە سەرەتای وشەدا گڕە ٠

نموونە وەك :

لاولاو ، لانە ، لێل ، لەنگ ، لاواز ، لاو ، لاوك ، لەنجە لەرە ، لەرز ٠ بەم جۆرە لــە ناوەڕاستو کۆتاییشــدا دێت وەك :

بەلەم ، هەلووکێن ، هەل ، لوولە ، لوول

کەواتە دەکەوێتە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی

٢٤ ــ لامی قەڵەو :

ئەو لامە دەنگەکەی گڕە وەك لە وشەی (الله)دا ٠٠ تەنیا بە دانانی ئیشارەتی حەوتێکی بچووك کە دەخرێتە سەری لە لامی سووك جودا دەکرێتەوە

ئەم دەنگە بە هیچ جۆرێك ناکەوێتە سەرەتا ، بەڵام ، دەکەوێتە ناوەڕاست وەك ، بەڵەك ( چاو بەڵەك ، ڕەش بەڵەك ، هەڵە ، یان کۆتایی وەك :

خاڵ ، کاڵ ، باڵ ، چاڵ ، ماڵ ، داڵ ( دڕك و داڵ ) هتد

تێبینی : ــ

١ ــ وشەش هەیە هەردوو لامەکەی تێدایە وەك :

لێڵ ، لاڵ ٠

٢ ـ ئەم دەنگە وەك زمانی عەرەبی لە چەند وشەیێکدا دوا بەدوای یەك دێن وەك : کوللە ، گوللە ، کەللە ، زللە میللـــەت ، هـــەڵلا ، بـــەرەڵلا* بۆیـــە هـــەن بە سووکی بخوێنەرەوە .

بە پیتێك یان دەنگێك دایدەنێن کە هەڵەیەکی ئاشکراو دیارە کە دوو لامەو دوای یەك هاتوون ، هەمان هەڵە کراوە ، دەربارەی بڕگەی (ند) (نگ) کە هەندێك بە پیتو دەنگێکی سەربەخۆ دایـــان ناون ، یان سەرنجیان بۆ راکێشـــاوە وەك شـــتێکی سەیرو ناســـاز ، هەموو دەنگەکان بە پێویست دەکەونـــە تەنیشت یەكو پاشو پێش دەکەونو نزیـــكو دوور دێن ، (ند) بەشـێکە لە هەندێك وشەی ئاشکرا وەك : پەند ، مەند ، چەند ، کەند ، گوند . هەرچەندە (مەند) بە واتای خاوەن دێت وەك : دەوڵەمەند ، خێرەومەند ... هتد . دوای وشە دێت وەك پاشـــگر ، (نگ)یش بـــەم جـــۆرە ، وەك :

درەنگ ، زەنگ ، زرنگ ، برژانگ ،
مانگ ، دەنگ ، شەنگ ،

نەهـــەنگ ... هتد . ئەمـــە لە لاتینیو ئینگلیـــزیدا سەرنج بدە ، وەك : دیفتۆنگ ، تۆنگ ، لۆنگ ... هتد . بەڵام هاتنی ئـــەم دوو دەنگە دوای یـــەك دیارە قورسە بۆیە دووەمـــین دەنگ قووت دەدرێتو دەنـــگی

(*) گڕی دەنگی لامی یەکەم کار دەکـــاتە سەر دەنگی دووەم بۆیـــە پێویست ناکات بە دانانی نیشانە لەسەری ، بۆ بەڵگە یەکەم بە سووکی بخوێنەرەوە .

نوونەکە گڕ دەبێت‌و وەك لە لووت بێتە دەرەوە وایە ، بۆیە هەندێـك لەم وشـانە هەڵەیـان تێـدا دەکرێت‌و دەخرێنە شوێن یەکتری ... مەند ــ مەنگ ، پەند ــ پەنگ ... هتد . بۆیە پێویستە لە نووسیندا ئاگادار بین‌و وەك خۆیان بیـان‌نووسین بۆ پاراسـتنیان‌و هەڵە نەکردن تیایانداو پاراستنی زمانەکە لەم جۆرە تێکدانە کە ئەنجامی کـەم تەرخەمی‌و ورد نەبوونـەوەو جودا نەکردنەوەی زمـانی پەتی‌و شێوەی نووسینە لـە قسە کردن‌و گفتوگۆی خەڵك ... سەرەڕای هۆی تر .

٣ ــ پێویستە هەمیشە ئاگاداری ئەوە بین‌و ئەم دووانە تێکەڵ نەکەین بـە یەك لە نووسیندا ، چونـکە بەکار هێنانی هەر یەکە لە جێگەی ئەوی‌تر یان هەڵە کردن لە نووسین یان دەربڕینیان کار دەکاتە سەر واتای وشەکە، بۆ نموونە سەرنجی ئەم وشانەی خوارەوە بدەن :

چل ــ چڵ

گول ــ گوڵ

گل ــ گڵ ، چاوم گل دەکات ، گڵە کوێر بیت .

کول ــ کوڵ ، کوڵە وەیباب .

کەل ــ کەڵ ، کەڵەباب ، کەڵەشێر ، کەڵەك .

پەلە ــ پەڵە

هەل ــ هەڵ

٢٥ ــ م لەگەڵ دەنـگی گڕ دیارە گڕ دەبێت بـەڵام وەك میمی هەر زمانێکە . نموونە :

مامر ، مێوژ ، مەڕ ، مۆرانە ، مێخ ، مەند ، مەنگێ،
مەرەزە ، مەزن ، مارمێلکــە ، زام ، زەلام ، دوومەڵ ،
مەل ، دووکەڵ ، دەمار ، دەمدەمی ، بەڵام ··· هتد ·
جار جاریش دوا بە دوای یەك دێت لە وشەیێکدا وەك :
شەممە ·

٢٦ــ ن دەنگێکی دیارەو لە هەموو زمانێکدا هەیە وەك :
نێرگز ، نەسرین ، نەوین ، نیان ، نەوە ، نوێ ،
ژیان ، بەرین ، شەونم ، شــەنگێ (شۆخو شەنگێ) ،
زانین ، زانا ، دانا ، نۆك ، نوشتە ، بیانوو ، کەیبانوو·

٢٧ ــ هـ دەنگێکی دیارە لە هەمــوو زمانێکــدا هەیــە ، ئەو
زمانانەی دەنگی (ح)یان تێدا نیە بە (هـ) دەیخوێننەوە
لە وشەدا ··· هەندێك (هـ)و(ە) تێکەڵ بەیەك کردووە
کە زۆر لــە یەك جیــاوازن ، نموونە بۆ ئــەم دەنگە :
هەور ، بەهــرە ، بەهار ، هیــوا ، هــاوار ، هەست ،
هەورامان ، هەراسان ، هاژە ، میهرەبان ··· هتد ·

٢٨ ــ و ئەم دەنگە کپەو بزوێنیشە ، بە لاتینی W وبۆ کپو
U بۆ بزوێن بەکار دێت ·

یەکەم (و ــ W ) وەك :
راو ، وەرز ، رەورەوە ، نــەوە ، نــەوبەهار ،
وازی ، رەوشت ، ســاوا ، ئــاو ، ناو ، جــاو ، خاو ،
هەتاو ، وەستان ، وورد ، وشە ··· هتد ·

## تێبینی :

له لاتینیدا دیارو ئاشكرایه بەڵام له نووسینی به عەرەبی دەتوانین دووباره به ئاسانی له (و)اوی بزوێن جودای كەینەوه به سەرنجدانی ئەم تێبینیانەی خوارەوه :

١ ـ ئەگەر كەوتە سەرەتای وشه ، چونكه هیچ وشەییێك به بزوێن دەست پێناكات ٠

٢ ـ ئەگەر كەوته دوای بزوێن، چونكه دوو بزوێن دوا بەدوای یەك نایێن ٠

٣ ـ ئەگەر كەوته دوای بزوێنێكو پێش پیتێكی كپ ، وەك : رەوشت ، وشه ، ورچ ٠

یەك : چونكه ئەو بزوێنە دەكەوێته نێوانیان كه وێنەی نیه لەم (ئەلفو بێ)یەدا ، (i) یه له لاتینیدا٠

دوو : چونكه لەو شوێنانەدا بڕگه دروست دەكات ، هیچ بڕگەیێكیش بێ بزوێن دروست نابێت ٠

و ـ u وەك بزوێن ٠ نموونه : كوڕ ، نوستن، نوخشه ، پوخته ، قورگێ ، قورس ٠

ئەمیش به ئاسانی دەناسرێت ، چونكه دوای دەنگی كپ دێتو دەبێت به بزوێن بۆی ، هەروەها دوو دەنگی كپ دوا بەدوای یەك نایێنو ناكەوێته سەرەتای وشەو بڕگه ٠

٢٩ ــ وو* ئەمە هەمیشـــە بزوێنە و بزوێنێکی درێـــژە بـــە پێچەوانە ( و ــ u ) لە لاتینیدا بەم جۆرە دەنووسرێت u ، بۆ نموونە : سوور ، سووك ، دوور ، ژوور ، کوور ، بلوور ، چنوور ، شووشە ، نووسین ، سوورێژە شووڵ ، ( شـــووڵی لێ هەڵکێشاوە) ، ســـووچ ، ڕوو ، دووکان •

٣٠ ــ ۆ ئەمەش هەمیشـــە بزوێنە و ســـووك و کـــراوەیە لە لاتینی و ئەو زمانانەی بە پیتی عەرەبی نانووسن ئەمە وێنەیەتی (o) ئۆ •

بۆ نموونە :

نۆبەرە ، رۆخ ، ڕۆژ ، گوڵە بە ڕۆژە ، ڕۆشن ، پەرۆش نۆك ، دهۆك ، پینە دۆز ، دوگمەو دۆلاب ، خۆر ، خۆڵ ئۆردو ••• هتد •

٣١ ــ ی ئەمەش کپ و بزوێنە ، لە لاتینیدا بۆ
کپ ( Y )و بۆ
بزوێن ( i ) دەنووسرێت •

نموونە : لیر ، بیر ، سیر ، تیر ، شیر ، شیلان ، شیراز ، شیلە ، پیرەمەگرون ، پیلان •

ئەمە بۆ بزوێن ، بۆ کپ : یار ، یارمـــەتی ، بەیـــان ، بەیداغ ، پەیڕەو ، پەیژە ، پەیمان ، پەیام ، پایز

---

(*) نووسینی لەلایەن کوڕەوە لە شێوەی (و) شتێکی زیـــادە ئەگـــەر نەڵێین هەڵەیە ، چونکە نووسینی ئەم دەنگە بە دوو (واو) سەیرو هەڵە نیە و تەنیا لە کوردیدا نیە ، سەرنجی زمانی ئینگلیزی بدەن بۆ نموونە :
Door, Book, School, Shoor
هتد •••

تێبینی : بەم جۆرە دەناسرێتەوە :

١ ـ ئەگـەر بـزوێن بوو : بە هیچ جـۆرێك ناكـەوێتە سەرەتای وشەو بڕگە ،

٢ ـ دوا بە دوای پیتێكی كپ دێت •

ئەگەر بزوێن نەبوو :

١ ـ دەكەوێتە سەرەتای وشە : یار •

٢ـ دوای بزوێنێك دێت ، واتە بزوێنێكی پێش دەكەوێت: ئاو ، پەیمان ، دەكەوێتە نێوانی بـزوێن و دەنگێكی كپ •

٣ ـ دوای پیتێكی كپ و پێش بزوێن هات وەك : پـیاو ( پیاز ، نیاز =

٤ ـ ئەگەر دوای بزوێن و پێش دەنگێكی كپ هات وەك : پایز •

هەروەها پێكەوە لە وشەیێكدا كۆ دەبنـەوە وەك :

یاری ـ ، شایی : ، پەیین

سیوەیل شینایی •

٣٢ ـ ( ە ) ئەمە هەمیشە بزوێنەو لە لاتینیدا ئەمو هەمزە وەك یەك لە وێنەی ( e ) ەدا دەنووسرێن •

ئەم دەنگە كورت كراوەی ( ا )یەو بەرانبەر (فتحە)ی عەرەبییە •

ڕەنج ، سەرنج ، گەڵا ، پەیژە ، پەرژین ، سەر ، پەنجە هەژدیها ، هەڵم ، هەنجیر ، هەنار ، هەناو ، هەتاو ،

گڵــه زەردە ، ســەرە ڕەش ، هــەندرێن ، ڕەوڕەوە ،
گەردن ، کەرەسە ، گەسك ، پەروانە ، پەپوولە ، پەڵە ،
پەڕەسێلکە ، گەردانە ...

٣٣ـ ا A وەك : ساوا ، ئازا ، ئاراس ، ئــازار ، ئاسمان ،
یانە ، هێلانە ، هاژە ، سالار ، سامان ، سەردار ، لەیلان
سۆلاف .
زارێ ، زاخاو ، باز ، لاسك ، لانك ...

٣٤ ـ ( أ ) ئەم دەنگــە کورتە کــە بزوێنــەو وێنەی بــۆ
دانــەنراوە لــە (ئەلف وبێ) ی عەرەبیــدا تائێستـــا ،
لەحەرەکەی عەرەبی کورتترەو لە (سکون)ە وە نزیکە ،
بەتایبەتی ئەگەر سەرنجی زمانی خەڵك بدەین کــاتی
بەکارنەهێنانی ئەو بزوێنە کورتانەی بریتین لە (فتحەو
ضمەو کسرە) محتار ، منیدری ، شلۆن ، چنت هتد ..
جێی داخە کە لەبیر چۆتەوە و هەوڵی تازە نەدراوە بۆ
دانانی نیشانەیێك ، یاندروست کردنی وێنەیێکی نوێ
بۆی ، دەڵێین هەوڵی تازە ، چونکە هەوڵ دراوە پێشتر
بۆ وێنە کێشانی بەڵام نەچووە سەر لەو هەولانە :
یەکەم لەلایەن (تۆفیق وهبی) یەوە کە (ي) نوختەداری
بۆ ئەم داناو (ی)یی بێنوختە بۆ دەنگی (یی) بەمجۆرە :
کیردین (کردن) شن (شین) بەڵام پاشان وازی لێهێنا ،
هەن تا ئێستا (ي) بــەبێ خاڵ دەنووســن (بر ـ بیر ،
شرین ـ شیرین) ... هتد .

دووەم : قەنـات کـوردۆییف : (ی) (ئی)ی شدە داری بۆ دانا • ئەمیش نەچووە سەر(*) •

نەبوونی نیشانە بۆتە هۆی ئەم هەڵەو ئاڵۆزییانە•

١ ـ هەندێـك وا تێدەگـەن کە بـە پێچەوانەی زمانانی تـرو زانسـتی زمـان دەگونجێت بڕگـە یان وشەیێك لە دوو بڕگە یان زیاتر پێك بێت بێ بزوێن ••• ئەمانەش دەکەن بە بەڵگە :

کر/دن kirdin ، بر/دن birdin

مر/دن mirdin ، سرەوتن Sirewtin پلنگ Pi

درشت dirist کرمن kirmin

چڵکن çilkin

٢ ـ لە کاتێکدا ئەگەر بە لاتینی بیاننووسین ئەو بزوێنە دەردەکەوێتو ژمارەی بزوێن لە هەر وشەیەدا = ژمارەی بڕگەکان •

٣ ـ ئەگەر بـە وردی بیانخوێنینەوە هەر وشەیە بە چەند نەفەسێك دەردەبڕرێن ، ژمارەی نەفەسەکان= ژمارەی بڕگەکان • بۆ نموونە :

کر/دن ، سـ/رەو/تن ، د/رشت ••• هتد •

٢ ـ بـە (کسرە مقبوضەو کسرەو فتحـە) نـاو دەبرێت ، واتە بە سێ دەنگ دانراوە ، کە ئەمە راست

---

(*) ئێمە لەو رایەدابین کەوا نەمێنێتەوە ، چونکە دەبێتە هۆی هەلە کردن وەك لەسەرەوە روونی دەکەینەوە ، دانانی (سکون) ی عەرەبی یان نیشایێکی ئاسانتر لە نەبوون راسترە •

نیە ، بەڵکو کورتی دەنگەکە وای لێ دەکات دەنگەکەی دوای کە بەهێزترە کار بکاتە سەری بەتایبەتی ئەگەر بزوێن یان لە دەنگە نەرمە دوو رووەکان بوو کە وەك پیتی دەنگ و وەك بزوێن بەکار دێن ٠

بۆ نموونە ئەگــەر پێش پیتی دەنگ (کپ) بێت پێی دەڵێن (کسرە مقبوضە) وەك : چرا ، کل ، در ، پشقل ... هتد ٠ پێی دەگوتــرێت (فتحە) ئەگــەر پیتەکەی دوای (واو) بوو ، وەك : خوا ، چوار ، گوارە ٠

بە (کسرە) ناو دەنرێت ئەگــەر دەنگەکەی دوای (ی) بوو ، وەك : سیان ، ژیان ، پیاز ٠

لە کاتێکدا هیچ یەکێك لەمانە راست نیە ، ئەگەر هەریەکە لە بەشەکەی دوای جوداکەینەوەو بیخوێنینەوە دەبینین لە دەنگی ( د ) دەچێت ، یان وەك لە سەرەوە روونمان کردەوە ٠

---

(★) یەکەم کەس ئەمەی دانا (توفیق وهبی) بوو بروانە: قواعد اللغە الکردیەو دەستووری زمانی ٠

## دیفتۆنگی (وێ) :

پێش ئەوەی کۆتـایی بە باس کردنی دەنـگ‌و وێنەکانیان بهێنین ، زۆر پێویستە لە عاستی ئەم دەنگە لێکدراوە بوەستین ، کە لە ژمارەیێکی زۆر لە وشەکاندا بەکاردێت ، وەك : خوێن ، شوێن ، جوێن ، خوێ ، کوێ ، کوێر ، توێتوێ ، گوێ ، گوێز ، ئەسکوێ ، خوێنـدن ، خوێری ، توێـخ ، توێشوو ، گوێلك ، گوێـرەکە ... هتد . نەختێك لەسەرخۆ ئەگـەر ئەو وشانە بلێینەوە یان بیخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەهەرچەندە بەم جـۆرە دەنووسرێت (وێ) بەڵام وا ناخوێنرێـتەوە ، چونکە ئەمە لێرەدا ئاشکرایە کە پیتی دەنگ (و)و پێش (ێ)ی هاتووە ، یەکەم پیتی دەنـگ‌و دووەم بزوێنە بۆی ... واتە لـە گوتندا یەکەم پێش دووەم دێت ، بەڵام لە نموونەکانی سەرەوەدا هیچیان پێش ئەوی‌تـر نایێت بەڵکو پێـکەوەو بە تێکـەڵاوی‌و وەك یەك بزوێن لە دەم دێنە دەرەوەو بەکار دێن ... واتە نووسینی لەگەڵ دەرەبڕینی ناگونجێت ، ئـەم جۆرە دەنگە بزوێنانە کە لـە دوو بزوێن یان زیاتر پێك‌دێن ، پێیان دەگوتـرێت (دیفتۆنگ) یان یەعنی (دوو)+تۆنگ ، یەعنی دەنگ ، دووەم لە (تری) یەعنی (سێ) +تۆنگ ، یەکـەم بە واتای دەنگێـکی دوو لایی ، دووەم دەنگێکی (سێ لایی) .

کەواتە (وێ) بزوێن‌و دیفتۆنگە ، لە سەرەتاوە نەبووە دیارە پاشان دروست بووە ، لە کـوردی و لەزمانەکـانی تردا کـە لەم (دیفتـۆنگ) و (تریتۆنگ)انەیـان تێدایە ، ئـەویش ئەنجامی

( دیفتۆنگ ) و ( تریتۆنگ )انەیان تێدایە ، ئەویش ئەنجامی پەرەسەندنی دەنگ و پێشکەوتنی زمان و بەهۆی دراوسێتی ئەم دەنگانە ، کە بەرێکەوت دەکەونە پاڵ یەك ولەیەك شوێنەوە دەردەبڕێن ، یان شوێنی دەربڕینیان لەیەکەوە نزیکە ، پێکەوە لە دەم دێنە دەرەوەو ئەم دەنگە چەند لاییە دروست دەکەن ٠

بەڵگەمان بۆ تازەیی ئەم دەنگە ، یان دروست بوونی پاشان ، ئەم خاڵانەی خوارەوەیە ٠

١ ــ قورسیی دەربڕینی ٠

٢ ــ منداڵ بەمنداڵی ئەم دەنگەی پێ ناگوترێت ٠

٣ ــ بێگانە فێری نابێت ، تازۆر بەتەواوی رانەیێت ٠

٤ ــ بەکارهێنانی لەناوچە تاناوچە دەگۆڕرێت ، بۆنموونە:

خوێندن : قورسیی دەنگ وای لێ دەکات کە یەکلا بکرێتەوە ، وە یان دەیکەن بە (و) یان (ی)و دەبێت بە : خیندن ، خووندن ، لە (فارسیشدا ــ خواندن ــ وا ــ دیفتۆنگە) ٠

خوێن ــ دەبێت بە (خین) یان(خوون)یان (خێن) لەسەردەمی منداڵدا ٠

جوێن ــ جوون ٠ ، شوێن ــ شوون ، یان (Siwên) واتە جودایان دەکەنەوەو یەکەم دەکەن بە دەنگی کپو دووەم بەبزوێن بۆی و دەخوێنرێتەوە (وێ) پێشان (و) پاشان (ێ) پاش دروست کردنی بڕگەیێکی کورت لەیەکەم پیت بەیاریدەی بزوێنی کورتی ( ا ) کە ، وێنەی نیە لەم نووسینەدا ٠

هەوڵدرا کەئەم بزوێنە دوولاییە (دیفتۆنگ) ە وێنـەیێکی سەربەخۆی بۆ دروست بکرێت و بخرێنە ڕێزی دەنگەکان و پـاڵ بزوێنەکان ، لەوانە (توفیق وهبی) کە ئەم وێنەیەی بۆ دروست کرد ( ۆ ) ، واتە خوێن ــ بوو ــ بە خۆن ، گوێ ــ بوو ــ بە ــ گۆ ٠٠٠ هتد ٠ ناوی نا ( ۆ )ی سلێمانی ٠٠٠ ئەمڕۆ خەڵکەکە ئەو وشانەو ئەوانەی لەو بابەتەن بە دوو جۆر دەنووسن : یەکەم بە دیفتۆنگی (وێ)و دووەم بە پیتە بزوێنی ( ۆ ) ٠٠٠ نووسینی بە (دیفتۆنگی) راسـترە نەك وەك پیتـە بزوێنێـکی سەربەخۆ چونکە :

١ ــ ئەو وشـانە ئەگـەر لـە ناوچـەی سـلێمانی بچینـە دەرەوە نـامێنێتو بۆیە ئەگـەر لە شـێوەی (ۆ)دا بنووسرێت تێی‌ناگەن ٠٠٠ تەنیا پاش فێربوون لەوانەیە دەست بدات ٠٠٠ واتە هەموو کوردەکان بەو جۆرە دەری‌نابڕن ٠٠٠ بەڵکو وەك دەرکەوت هەر یەکە لـەو وشانە بە دوو سێ جـۆر دەنووسرێن‌و دەخوێنرێنەوە ، کـە ئەمە یەکێکە لـە کۆسپەکانی یـەك خستنی نووسین‌و پێویستیی بە چارەسەرکردن هەیە ٠

٢ ــ ئەگـەر وێنەی ( ۆ ) بخرێتـە جێی (وێ) ، دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە کـە لە شـێوەی ژووروو و هـەورامی‌و لوڕدا دیفتۆنگێك هەیە تێکەڵە لە (و) و (ی) کە هەردووك تیژن ، لەو وشانەدا بەکار دێت کە لە ناوچەی سلێمانی‌و بە گشتی لە شێوەی خوارووودا دەبێت بە (وو) وەك : قووڵ ، دوور ، مووصل ٠ بەڵکو لە شێوەی (لوڕ)دا لـە جێـگەی (ۆ) ئـەو دیفتۆنـگە بەکاردێت بەگشتی(*) ٠

(*) ئەمە لەشێوەی سلیمانیشدا هەن‌سەرنجی‌وشەی هەنگوین‌وپینجوین بدەن٠

هەروەها ئەمە (وێ)ی سلێمانی نیە چونکە لە شێوەی تریشدا بەکـار دێت وەك : شـێوەی هـەورامیو شـێوەی لوڕ لـە پاڵ دیفتۆنگەکەیتر ·

ئەم دەنگە چەند لاییبانە دیارو ئاشکران لە بنەماڵەی زمانە هیندو ـ ئەورووپیەکاندا ـ وەك : فەرەنسیو ئەڵمانی ، هەروەها هەردوو دیفتۆنگەکەی سەرەوە لە زمـانی تورکیشدا هەیە ، بۆ نموونە لە فەرەنسیدا ئەم وێنەیەی بۆ دروست کراوە و لە تورکیـدا و ، لەوێ تەواوە چونکە تێکـڕا ئەو وشانە وەك یەك دەڵێنو دەنووسن ، ئەمانە بکەن بە تورکی بۆتان روون دەبێتەوە (گوڵ ، چاو ، جوان ، روو ، مێوژ ، پێکەنین) ·· هتد ·

لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت کە :

(٣٤) پیتو (٣٥) دەنگ هەیە لەگەڵ یەك (دیفتۆنگ) بە پێی (ئەلفو بێ)ی عەرەبی ·

ئەم دەنگانە دەبن بە دوو بەشەوە :

١ ـ پیتی دەنگ (الحروف الصحیحه) ·

٢ ـ پیتی بزوێن ·

١ ـ پیتەکانی دەنگ (حروف الصوت) ئەو وێنانەن کە دانراون بە نیشانە بۆ دەنگەکان کە بریتین لە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ ـ د | ١٠ـ ر | ١٩ـ ڤ | ٢٨ـو |
| ٢ ـ ب | ١١ـ ڕ | ٢٠ـ ق | ٢٩ـ ی |
| ٣ ـ پ | ١٢ـ ز | ٢١ـ ك | |
| ٤ ـ ت | ١٣ـ ژ | ٢٢ـ گ | |
| ٥ ـ ج | ١٤ـ س | ٢٣ـ ل | |
| ٦ ـ چ | ١٥ـ ش | ٢٤ـ ڵ | |
| ٧ ـ ح | ١٦ـ ع | ٢٥ـ م | |
| ٨ ـ خ | ١٧ـ غ | ٢٦ـ ن | |
| ٩ ـ د | ١٨ـ ف | ٢٧ـ ھ | |

٢ ـ پیتە بزوێنەکان :

بەو پیتانە دەگوترێت کە لەگەڵ پیتەکانی دەنگ (پیتە دەنگییەکان)دا بەکاردێن بۆ یارمەتیدانی زمان بۆ دەربڕینی ئەو دەنگانەی پێویستیان بە دەرکەوتن هەیە ٠

ئەو بزوێنانە ئەمانەن :

١ ـ ە ـ لە (فتحە)ی عەرەبی دەچێت ٠ پەڵە ، مەلە ٠

٢ ـ ا ـ لە (ئەلف)ی عەرەبی دەچێت ٠ دار ، کار ٠

٣ ـ و ـ لە (ضمە)ی عەرەبی دەچێت ٠ کورد ، کوڕ ٠

٤ ـ وو ـ لە (و)ی عەرەبی دەچێت ٠ دوور (دور) ٠

٥ ـ ۆ ـ لە (o) ی لاتینی دەچێت ٠ زۆر ، بۆر ٠

٦ ـ ی ـ کراوەیەو سووکە لە دەنگی (ي)ی عەرەبی دەچێت
٧ ـ ێ کراوەیـەو سووکـە لـە دەنگـی (e) دەچێت لـەم وشە ئینگلیزیانەدا (bed) ، (red) • مێز ، سێو •
٨ ـ (ا) ـ بزوێنی بێ وێنە ، لەنێوانی (سکون) و(کسرە)ی عەرەبیدا ، وەك : جاسم ، رسم ، درِ ، گرِ •
+ ئەو بزوێنەی کە (دیفتۆنگ)ە •
ئەم دەنگانە دوو روون :
و : w—u
ی : y—I
چونکە هەرچەندە یەك دەنگن بـەلام جارێك دەنگن‌و جارێك بزوێن وەك : وورد wurd و یاری ysri
ئەو دەنگانەی لە کوردیدا هەن‌و لە عەرەبیدا نین :
لە عەرەبیدا (٢٨) پیت هەیە • بەلام ئەم دەنگانە لەعەرەبیدا نین بۆیە ناچار لـە کوردیدا وێنـەیان بـۆ دروست کـراوە بە دەستکاریی هەندێك پیت وەك :
پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ ، ۆ ، ێ ، بـەلام لـە زمـانی خەڵکدا گشتیان بەکار دێن وەك : پارە ، چەم ، ژگد ، شلۆن ، منێن •••• هتد • لەگەڵ یەك وێنە بۆ (ر) و (ل) •• (ر) لـە عەرەبیدا بە گشتی قەڵەوە بەتایبەتی لە سەرەتای وشـەو برِگەدا • بەلام بە وێنە (ر)ێی سووك بەکاردێت •
(ڵ)ی قەڵەو لە وشەی (الله) دەردەکەوێت •
بەرانبەر بە زمانی عەرەبی ، ئەم دەنگە عەرەبییانە لەزمانی کوردیدا نین کە بریتین لە شەش دەنگ :

ذ ، ث ، ص ، ض ، ط ، ظ ٠

ئەو وشە عەرەبیانەی ئەم دەنگانەیان تێدایەو لە کوردیدا بەکار دێن بەم جۆرەیان لێ دێت :

| | | |
|---|---|---|
| ذ | دەبێت بە | ز |
| ث | دەبێت بە | س |
| ص | دەبێت بە | س |
| ض | دەبێت بە | ز |
| ط | دەبێت بە | ت |
| ظ | دەبێت بە | ز |

کەواتە :

ذ ، ض ، ظ = ز

ث ، ص = س

ئێستا لەودیو چەند نموونەیەك دەهێنینەوە بۆ (ئەلفو بێ)ی کوردی بە (ئەلفو بێ)ی عەرەبی تا گەیشتۆتە وێنەی ئەمڕۆی ٠

(★) دەنگی (ذ) دەبێت بە (ز) ، (ث) بە «س» لە زمانی خەڵکی میسرو سوریاو لوبنانو شوێنیتر ، بەڵگەی قورسیی ئەو دەنگانەو سووکیی ئەم دەنگانەیە ٠

## نموونە بۆ ( ئەلفو بێ )

| | سعید صدقي | توفیق وەهبی | | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٢٨ | ١٩٢٩ | | ١٩٥٦ |
| ١ | | ء | | ء |
| ٢ | ب | ب | | ب |
| ٣ | پ | پ | | پ |
| ٤ | ت | ت | | ت |
| ٥ | . | ة | تێی سووك | ث |
| ٦ | ج | ج | | ج |
| ٧ | چ | چ | | چ |
| ٨ | ح | ح | | ح |
| ٩ | خ | خ | | خ |
| ١٠ | د | د | | د |
| ١١ | | د | دال | ذ |
| ١٢ | ر | ر | | ر |
| ١٣ | | ڕ | | ڕ |
| ١٤ | ز | ز | | ز |
| ١٥ | ژ | ژ | | ژ |
| ١٦ | س | س | سین | س |
| ١٧ | ش | ش | شین | ش |
| ١٨ | ع | ع | عەین | ع |
| ١٩ | غ | غ | غەین | غ |
| ٢٠ | ف | ف | فێ | ف |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | ڤ | ڤ | | ڤ | |
| ٢٢ | ق | ق | | ق | |
| ٢٣ | ك | ك | | ك | |
| ٢٤ | ڷ | گ | | گ | |
| ٢٥ | ل | ل | | ل | |
| ٢٦ | گ | ڵ | لام | ڵ | |
| ٢٧ | م | م | میم | م | |
| ٢٨ | ن | ن | نون | ن | |
| ٢٩ | و | و | واو (ئو) | و | |
| | (حركة) (حرف) | ه | «ه هێ ئه | ه | |
| ٣٠ | ه | ى | يى«ئى» | ى | |
| ٣١ | ى | ێ | ئێ | ە | |
| ٣٢ | ێ | ي | | و | بزوتنه كان |
| ٣٣ | | و | | | |
| ٣٤ | ا | ا | | ێ | |
| ٣٥ | ——— | | | ى | |
| | ٣١+ذ،ث،ط ظ | | | ١ | |
| | ص=٣٦ | | | وو | |
| | | | | و | |
| | | | | و | |
| | | | | ۆ | |
| | | | | و | «دوور» |

**تێبینی :**

هەموو دەزانین کــە ئەمڕۆ ئەم شەش دەنگەی خــوارەوە لە کوردیدا نین‌و بەکار نایێن · دەنگەکانیش ئەمانەی خوارەوەن کە بە وێنە دەیانخەینە بەرچاو :

ذ ، ث ، ص ، ض ، ط ، ظ ·

بەڵام ئەگەر ( ذ ) یان (ث) پێشتر هەبووبن مەرج نیە ئەمڕۆ بە زۆر بیانسەپێنین بەسەر زمانداو بیانخەینە پاڵ دەنگەکان ، بەڵکو ئەمە شوێنی خـۆی هەیە بۆ بـاس‌کردن کە ئـەو دەنگانە دەپارێزێت‌و تۆماریان دەکات‌و بە بەڵگەی دەیانچەسپێنێت بەڵام لەو وشانەدا کە هێنراونەتەوە ، ئەگەر سەرنجیان بدەین‌و لێیان ورد ببینەوە لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانیان لە کوردیدا بە گشتی دەردەکەوێت کە ئەوە نین ، یان پێویستی بەو ئاڵۆزییە نیە ·

دەربارەی دوو دەنگی (ذ) (ث) ئەمڕۆ لەکوردیدا بەکار نایێت بەتایبەتی لە ناوچەی سلیمانی ، لە بەغدا کە دەبێت بە لەبەغا = لێرەدا دالەکە بۆ سووکی قووت دراوە چونکە ئەگەر ئـەمە قووت دان نەبێت ، کەواتە لەشێوەی ژووروشدا هەمان دەنگ هەیە ، سەرنجی چاوگە دالیەکان بدە کە بەبێ پیتی (د) دەگوترێت ·

دیارە پیتی (دال) لەو پیتە قورسانەیە کە لە قسەی خەڵکدا، یان لادەبرێت یان‌دەگۆڕرێت بەدەنگێکی سووکتروەك‌کردنی نیشانەی کاتی ئێستا (دە) بە (ئە)و (دامێ) دەبێت بـە (یامێ) و (دێم) دەبێت بە (یێم) ···· هتد

هەروەها دەربارەی (ث) نەك سووككردنەوەی پیتی (ت)یە چونكە (ث) لە (ت) سووكتر نیە ، بەڵگەش ئەوەیە لە منداڵو زۆر هەن (ت) بەكار دێنن لە جێی (ث) ، سەرنجی قسەی ناو خەڵكی میسرو سووریاو لوبنان بدەن كە بە گشتی (ث) دەكەن بە (ت) ٠

لەوانەیە لە هەندێك ناوچە مابێتـەوە وەك هەورامانو لەو دەنگانەبن كە پێشان هەبووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوی لە (ث) و (ذ)*یی عـەرەبی ناچن بەڵكو نزیكن لێیـەوەو ئەمڕۆ وێنەیان نیەو بە دەنگێكی كوردیی ئەمڕۆ نازانرێن ، هەرچەندە ئەم باسە ئێرە شوێنی نیەو بـەڵام بۆ روونكردنـەوە خستمانە پێش چاو ٠

هەر وەك : دەنگی (ص) كە هەندێك ئەم دەنگەش بە دەنگی كوردی دادەنێنو لە پاڵ دەنگە كوردییەكان باسی دەكەن بەهۆی بوونی چەند وشەییێك كە ئەم دەنگەی تێدا دەردەكەوێت بە هۆی كاری ئەو دەنگانـەی دەورو بەری دەگـرن ، بۆ نموونـە : سەد (صەد) ، سڕبوون ، سەوزە (صەوزە) ، سەگ (صەگ) ٠٠٠٠ دووبارە ئەم وشانە بخوێننەوەو لـە عاستی ئەو دەنگانەی دوای دەنگی (سین) دێن ، پاشان هەوڵ بدەن ئەو دەنگانە بە شێوەییێكی تەبیعی دەرببڕن بزانـن (سین) وەك خۆی دەردەكەوێت یـان لە شێوەی (صاد)دا ، كەواتە ئەگەر دەنگی دوای (سین) گڕ دەربڕین دیارە (سین)یش بە گڕیو لە وێنەی دەنگی (صاد) لە دەم دێتـە دەرەوە ٠

---

(★) بگەرێرەوە بۆدەستووری زمانی كوردیبۆ دەنگی(ذ) و (ث)لە كوردیدا٠٠

## دەروازەی دووەم ( ب٢ )

### وشە و ڕستە : چۆنێتی نووسینیان

ئەو وشە سادەو لێکدراوانــەی (سادە و ناسادانەی) کە بە جۆرێك زیاتر دەنووسرێن ...

لەم فەسڵەدا هەوڵی ئەوە دەدەین کە سەرنجتان ڕابکێشین بۆ یەکێك لەو لێڵی و ئاڵۆزییەی دەورو بــەری نووسینی کــوردیی گرتووە نووسین نەك تەنیا هەمە چەشنەیە کە لەمەوە بۆ ئەو کەم یان زۆر بەرچــاو دەکەوێت ، چ لــە نووسینی دەنــگەکان و چ نووسینی وشە سادەو ناســادەکاندا ... بەڵکــو نووسینی ئــەو وشانە بەچەند جۆرێکیش هەندێکجار لەلایەن هەمان نووسەرەوە.

١ ـ جیاوازی لە نووسینی دەنگەکان ( وێنەی دەنگەکان ) .

٢ ـ جیاوازی لە نووسینی وشە سادەو ناسادەکان .

٣ ـ نووسینی دەنگ و وشــەکان لەلایــەن هەندێکەوە بــە جۆرێك زیاتر .

٤ ـ مانەوەی هەندێك لە سەر نووسینی کۆن .

٥ ـ دانانی هەر لایێك جۆرە ڕێبازێك بۆ نووسینی خــۆی بەبێ دەرخستنی هۆ و بیرکردنەوە لە ئەنجامی ئەم جۆرە کارەو کاری بۆ سەر خوێندەوارو نەوەکانی دوا ڕۆژ و کاری بۆ ســەر ئەو کورد ناسو بێگانانەی کە ئەمەیان بەرچاو دەکەوێت .

ئێمەلێرەدا ناڵێین کەئەمە بەتەواوی لێرەدا چارەسەردەکەین بەڵام

بۆ ئەوە خراوەتە بێش‌چاو کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو هاوکاری کردن کۆششی خۆتان بخەنە پاڵ ئەو کۆشش‌و هەوڵەی لێرەدا دراوە لە پێناوی وریاکردنەوەی نووسەران و دامو دەزگا کوردییەکان و دووبارە ئاوڕدانەوەیان لەم لایە لە پێناوی گەیشتن بە یەکخستنی نووسینی کوردیو سەپاندنی بەسەر هەموو لایێکدا پاش گەیشتن بەو ئەنجامە ئەنجامی چارە سەرکردنی ئەم کـارە بە وردی و لە ڕووی زانستیەوەو بەراوردی لەگەڵ زمانانی ترو وەرگرتنی ئەو بەڵگە زانستیانەی کە لەلایەن شارەزایی کوردو کوردناسەکانەوە دەخرێتە روو ، نەك وەرگرتنی رای ئەمو ئەوو ئەوانەی دوورن لەو جۆرە کارانەوەو پسپۆرییان نیە تێیدا بـا نووسەریش بن .

## بڕواننە ئەم نموونانەی خوارەوە

## لە نووسینی هەمە چەشنە

| کۆمەڵەی یەکەم | | |
|---|---|---|
| چیە | چیدـە | چی‌یە |
| نیە | نیـیە | نی‌یە |
| پێی | | پـێ ی |
| لیێ | | لـێ ی |
| تیێ | | تـێ ی |
| کتێبێك | کتێبەك | کتێبێ |
| جودا | جید ـایە | جیایە |
| گوێ | | گو |

| | | |
|---|---|---|
| دەی زانم | | دەیزانم |
| پێ دا | پیا پییا | پێدا |
| پێدا | | پێ دا |
| خوێندن | خوندن | خیندن خۆندن |
| خوێن | خوون | خین |
| هەڵکردن | هەڵ کردن | هل کرن |
| پێش کەوتن | | پیش کەوتن |
| لەکوردیدا | لەکوردییا | لەکوردی دا |
| بەرامبەر | | بەرانبەر |
| تینەپەرن | | تێ نەپەڕ |
| تێنەپەڕ | | تێ نەپەڕ |
| پێناسین | | پێ ناسین |
| شوێن | شون | شوون (شون) |
| چاوك | چاوگ | چاووك ، چاووگ |
| گوڵبەهار | گوڵ بەهار | |
| بۆشاییێك | بۆشاییییێك | بۆشاییەك . |
| منداڵ | مناڵ | |
| چیاییێك | چیایەك | چیایێ |
| بوون | بون | |
| برژاندن | برژانن | |

| | | |
|---|---|---|
| رەنگ | ڕەنگ | |
| دەچێت | ئەچێت | ئەچێ |
| دامێ | یامێ | |
| بێ گومان | بێگومان | |
| دێم | یێم | |
| ئەم ساڵ | ئەمساڵ | |
| یەکێك | یێکێك | یێکێ ، ئێکەك |
| وورد | ورد | هورد |
| گوتن | ووتن | وتن |
| برین | بڕین | |
| کڕ | کرر | |
| بیر | بییر | بیر |
| نانکەر | نان کەر | |
| دەستگا | دەزگا | |
| تێبینی | تێ بینی | |
| تێدا | تیا | |
| دڵدار | دڵ دار | |
| هاتوچۆ | هات وچۆ | |

بۆ ئەوەی بە یەك شێوە بنووسین و هەڵە نەکەین لە نووسیندا پێویستە ئەم بنکانە بزانین هەروەها گشت بنکەیێکی تر ، کەواتە:

## « ئەم بنکانە لە یاد مەکەن »

## بۆ نموونە

### کۆمەڵی دووەم :

١ ـ ئامرازی ناوی تاکی نەناسراو = (کە) نەك (ەکە) ٠

٢ ـ ئامرازی ناوی تاکی ناسراو = (یەك) ، نەك (ێ) یان (ەك)

٣ ـ نیشانەی کۆ = (ان) نەك (یان) (کان)

٤ ـ ئامرازی فرمان بکەر نادیار = (را) بۆ ڕابوردوو نەك (ێنرا)

٥ ـ ئامرازی فرمان بکەر نادیار = (رێ) بۆ ڕانەبوردوو نەك (ێنرێ)

٦ ـ ڕاناوی کەسی کۆ :

مان = م+ ان ، راناوی کەسی یەکەم + ئامرازی کۆ ٠

تان = ت + ان ، راناوی کەسی دووم + ئامرازی کۆ ٠

یان = ی + ان ، راناوی کەسی سێیەم + ئامرازی کۆ ٠

٧ ـ ئەو تاقە پاشگرەی فرمانی تێنەپەڕ دەکات بە تێپەڕ (اندن)ە کەواتە (اندن) نەك (ان) یان ( انن) ٠

٨ ـ ڕەگی هەر فرمانێك (اندن)ی چووبێتە سەر کۆتایی بە (ێن) دێت ، چونکە بەم جۆرە پێك دێت :

١ ــ چاوگ ــ نیشانەی چاوگ = ڕەگی چاوگ
سووتاندن ــ دن = سووتان ( کۆتایی بە ــ ان ــ دێت ) ٠

٢ ــگۆڕینی (ا) لە (ان ــ لە ڕەگی چاوگ) بۆ (ێ) = ڕەگی فرمان ٠

٩ ــ لەگەڵ هەر ڕەگی فرمانێك کۆتایی بە (ێن) هاتبوو بیر لە پاشگری (اندن) بکەوە ٠

١٠ــ بۆ گەیشتن بە ڕەگی فرمان و دۆزینەوەی بیخەنە کاتی ئێستاو پاشان ئامرازی کاتی ئێستاو ڕاناوی کەسیی لکاوی لێ لادەن ٠

١١ــ بۆ ناسینی نیشانەی چاوگ بیخەنە کاتی ڕابووردوو ، چونکە تەنیا بە لادانی نوونی چاوگ پێك دێت ٠

## کۆمەڵی دووەم

١٢ــ پیتی پێوەندی (و) نزیك وشـەی یەکەم نـەك دووەم دەنووسرێت وەك زمانی تورکیو بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی ٠ لە ئینگلیزیو رووسیدا لە نێوانی هەردوو وشەکە ٠

١٣ــ لەو جووتە وشانەدا کە چوونەتە قاڵبێکەوە و بە تەنیا بەکار نایێن پیتی (و) دەلکێت بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە نـەك بە تەنیا دەنووسرێت ٠

١٤ــ ئەو وشانەی زاراوە یان یەك مەبەست دروستدەکەن پێکەوە دەنووسرێن نەك بە تەنیا ، هەروەها ناو ٠

١٦ـ ئامرازی کاتی ئێستا (دە)یە نەك (ئە) ٠

١٥ـ پێشگر و پاشگر دەلکێن بە پێش و پاشی وشەوە نەك بە تەنیا دەنووسرێن ٠

١٧ـ راناوی لکاو دەلکێت بە کۆتایی وشەوە نەك بە پێشیەوە ٠

## کۆمەڵی سێیەم

### ئەمانە بزانە :

| | |
|---|---|
| ١ ـ لەو | لە (ئەو)ە |
| ٢ ـ لێرە | لە (ئێرە)یە |
| ٣ ـ لەوێ | لە (ئەوێ)یە |
| ٤ ـ گوڵە بە ڕۆژە | گوڵە بەر ڕۆژەیە |
| ٥ ـ نیوە ڕۆ | نیوە ڕۆژە |
| ٦ ـ گوڵاو | گوڵی ئاو ـ ە |
| ٧ ـ مریشك | مرخی هیشك ـ ە |
| ٨ ـ مراوی | مرخی ئاوی ـ یە |
| ٩ ـ ئاوێنە | ئاو وێنە ـ یە |
| ١٠ـ جوامێر | جوان مێر ـ ە |
| ١١ـ ئەمڕۆ | ئەم ڕۆژ ـ ە |
| ١٢ـ لۆ | لە بۆ ـ یە |

هەر یەکە لەمانەی خوارەوە لە شوێنی خۆی بە پێی مەبەست بە راستی بنووسەو هەوڵ بدەن تێکەڵیان بە یەك نەکەن :

## کۆمەڵی چوارەم :

| ١ | ٢ |
|---|---|
| پێش کەوتن | پێشکەوتن |
| پاش کەوتن | پاشکەوتن |
| یەك جار | یەکجار |
| یەك سەر | یەکسەر |
| یەك رۆژ | رۆژێك |
| پێ دا | پێدا |
| پێ کردن | پێکردن |
| دڵ شاد | دڵشاد |
| چ | چی |
| دەم و چاو | دەموچاو |

**تێبینی :**

هەر کۆمەڵە بگرن بە تەنیاو هەوڵی ئەوە بدەن :

١ ـ کە نموونەی تر بخەنە پاڵ نموونەکان ·

٢ ـ وەڵامی هەر یەکە بدەنەوە ، واتە بە بەڵگە روونی بکەنەوە راستە یان نا ، نەك لەبەر بکرێن ·

٣ ـ هەر یەکە بە تەنیا بخرێتە رستەوەو لە رستەدا روون بکرێتەوە ·

٤ ـ ئەوەی هەڵەیە دەری بخەن بۆچی ·

٥ ـ ئەوانەی یەك رواڵەتیان هەیە بۆ هەڵە لە نووسینیان دەکرێت ·

٦ ـ بۆ هەمان وشە بە شێوەیێك زیاتر دەنووسرێت ، هۆی چیەو چۆن چارەسەر دەکرێت .

## راهێنـــــان

ئـەوەی دەسـتووری زمـان نـەزانێت ، نـازانێت راست بنووسێت . نووسینی هەمە چەشنە نیشانەی دواکەوتنە .

شارەزای رێزمانەکەت بە ، تا باش زمان فێر بیتو بزانیت باش بنووسیت .

زمـانو نووسـین رابـــوردووت دەپارێــزێت ، سـامانی نەتەوایەتیت تۆمـار دەکات ، مێژووت دەخاتــە روو ، رێت بۆ روون دەکاتەوەو دەرگای سۆزیت بۆ دەخاتە سەر پشت .

کەواتە :

١ ـ ئەم پارچانەی خوارەوە بە وردی بخوێنەوە .

٢ ـ بە نووسینی ئەمڕۆ بیاننووسەوە .

٣ ـ لە کۆتاییدا لیستەیێك بۆ ئەو پیتانە بکە کە لەگەڵ هی ئەمڕۆدا جیاوازە . پاشان وشەکان بەرانبەرەکەی بە نووسـینی ئەمڕۆ بنووسە .

٤ ـ بەوجۆرە نمـوونە هەڵبـژێرە لـە کتێبو رۆژنـامەو گۆڤارەکانو بیاننووسەوەو بەراوردییان بکە لەگەڵ یەك .

## «مـــــرام»

هتا ئەم عصر اخیره خویندنمان له مکتبا ونوسینمان به کوردی نەبوه بەو سببه سعی وکوشش نەکراوه که قواعدیکی صرف ونحو بو زبان کـوردی ریك بخـری • وقتی له طرف معـارف وملت پروورانەو تدریسات مکاتب و نوسین مکاتب کران به کوردی لازم، بلکو واجب بـو که قواعـدی بو زبـان ، بـو نوسـین کـوردی دابمزرینری چونکو نەبی اصول نوسین واملا نازانری • هر له بی بی قواعدی‌یه یك کلمه که به انواع مختلف دەنوسری •

له بەر ئەوه من که فردیکی بچوکم له افراد ملت وا به کمال ادب وگردن کەچی ئەم رساله مختصره بـو قواعد زبان ونوسین کوردی ریگا نشان دەره تقدیم ملت کورد واولاد وطنی دەکەم ، بشرف ئەم خزمەتەوه خوم له سعادتیکی ابدی‌دا دەبینم • لکن رجا له علما ومنوران دەکەم که به قلم لطف ومرحمت تصحیح قصوری، واکمال نقصانی بفرمون • چونکو اول تألیفه قابل تنقیده •

(وهو العلیم الخبیر) •

۱۹۲۸ ، ۲ل سعید صدقی

١ ـ هەر پارچەیە بە وردی بخوێنەرەوە ٠
٢ ـ بە نووسینی ئەمڕۆ بینووسەوە ٠
٣ ـ لیستەیێك بۆ ئەو پیتانە بکە کە لەم پارچەیەدا وێنەیان نیە٠
٤ ـ لیستەیێك بـۆ وشە عەرەبیـەکان بکەو بەرانبـەری وشەی کوردی بنووسە ٠
٥ ـ ئەو وشانەی ئەمڕۆ بەکار نایێن چین و بۆچی ؟
٦ ـ چ رستەیێك لێرەدا هەستی جووڵاندی ؟ بۆ ؟
٧ ـ ئایا ئەم نووسینە هی نووسەرە ، یان هۆی نەبوونی چاپە بە کوردی ؟ چۆن زانیت ؟

## راهێنان

## تحریف

لەم جملانەدا انواع ژماران نشان بدە

مکتب ایمە شش صنفە لە صنف ششا خالد یەکەمە ، کمـال دومە ٠

نصاب التون بیست مثقالە ، نصاب زیو دوصد درهمە زکاة لە هردوکیان چوار یکە لە دەیك یعنی لە چل یکێکە ٠ زکاة گندم و جو دەیکە ٠

چوار چارك یك ربەیە سی ربە یك تغارە ٠ شش حقـە یك باطمانە ٠ یك حقە چوار صد درهمە ٠

یکم روژ لە مانگێ ششـە لان ، دهـم ڕۆژ لە قوربان جـژن اسلامە ٠

قوتابی‌یه‌کان به دو دو ده‌چنه ده‌ره‌وه به چوار چوار ده‌چن بو دشت •

سه زاویه‌ی مثلث به قدر دو قائمه‌یه •

برجان اسمان دوازده‌ن یکم حمل ، چواره‌م سرطان ، حوتم ریزان ، دهم جدی ، دوازده‌مینیان حوته • شمس له دوازده مانگا، قمر له یك مانگا ئه‌م دوازده برجانه ده‌گه‌رین •

سعید صدقی : ل ۱۳ ، ۱٤

۱ ــ چ ڕاستییێك لێره‌دایه و یه‌کێتی شێوه‌کان ده‌رخات ؟

۲ ــ ئه‌م پارچه‌یه چیت بۆ ده‌رده‌خات ؟

۳ ــ ئه‌م پارچه‌یه چیت فێرده‌کات ؟

٤ ــ چ هه‌ڵه‌یێك لێره‌دا کراوه ؟

له پاڵ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌و پرسیاره گشتیانه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌م پارچه‌یه‌دا ده‌گونجێت وه‌ڵامی پرسیاره‌کانی سه‌ره‌وه‌ش بده‌نه‌وه •

# راهێنان

## مصدر

مصدر اسمیکە دلالت بکا لە کردەوەیی فقط تماشای زمانو فاعلی تێدا نەکرێ ٠ همو مصدران کوردی دەبێ لە اخرەکانیانەوە (ن) ببێ کە پێی دەلین نون مصدری ، و لە پێش نون مصدری یەوە یکی لە حرفان (یادتو) یعنی ( ی ، ا ، د ، ت و ) هەیە ٠ بەم اعتبارە مصدران کوردی پنج رنگن هر یکە ناو دەبری بەو حرفەی کە لە کونەکەوەیە ٠٠٠

١ ــ مصدر یائی ــ وکو ــ (نوسین ، بخشین ، زانین) ٠
٢ ــ مصدر الفی ــ وکو ــ (سوتان ، هلسان ، خنکان) ٠
٣ ــ مصدر دالی ــ وکو ــ (کردن ، بردن ، چاندن) ٠
٤ ــ مصدر تائی ــ وکو ــ ( نوستن ، کەوتن ، کوشتن ) ٠
٥ ــ مصدر واوی ــ وکو ( چون ، بون ، درون ) ؛

همو فعلان واسم فاعل واسم مفعول لە مصدر درست دەکرین وەکو لەمەوپاش دەزانری ٠

سعید صدقی ٠ ل ١٧

پاشی وەڵامدانەوەی پرسیارە گشتییەکان وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەنەوە ؟

١ ـ ئەو وشانەی هێڵیان لە ژێردایە چی دەگەیێنن ؟

٢ ـ بگەڕێرەوە بۆ یەکێك لەو سەرچاوانەی دوای ئەمچاپ کراون‌و بەراوردیی ئەم پێناسینەی چاوگ بکە لە هردوکیانداو بڵێ چیت بۆ روون دەبێتەوە · پاشان بەراوردیی رێنووسی هەردووکیان بکەو جیاوازییان روون بکەرەوە ·

٤ ـ لە هەندێك شوێن بزوێنی (a – e) ی بەکارهێناوەو لە هەندێك شوێن نا · کامەن‌و چی دەگەیێنێت ·

## راهێنان

## تمرین

لەم جملانەدا اسم زمان ، اسم مکان نشان بدە ·

حسن بە شەو خەریکە ، حسین بە رۆژ دەخوینی · لە ژیر پی‌ی باوك‌و دایکا خو کردن بە خاك فرمو دەی پیغەمبەر و نشانەی سعادتە · لەبەر دم معلما بە ادب بە · لە قسە کردنا بەم لاو بەو لای خوتا تماشا مەکە ، کس لە خوت گەورە تر بی پیشی مەکەوە · لە لای نەخوش زور دامەنیشە · لە مجلسا جیگای خوت بناسە · لە انی جوانی دا خوت لە گناە بپاریزە · دەتەوی بدنت ساغ بی لە وقت و زمانی خویا بخۆ و بخورەوە · همو دەمی پاك‌و تمیز بە · بە شەو زو بنو ، بیانی زو هلسە · لە ژیر درختا مەنو ·

سعید صدقی ·ل ٢٥

له پاش وەڵامدانەوەی هەندێك له پرسیارەكانی پێشوو ، ئەمانەی خوارەوەش ڕوونبکەرەوە ٠

١ ـ ئەو وشانەی هێڵیان لە ژێردایە بە وردی روونیان بکەرەوە ٠

٢ ـ ئەم وشانه له بیر مەکە : خەریك ، خلك ، فەرمووده ، تەماشا ، پاراستن ـ بپارێزه ، پاكو تمیز ، هەموودەمی ، درخت ٠ ئەو وشانه هاوواتایان چین بیاننووسه ٠

## راهێنان

## پێشکەوت

٠٠٠ که بەم چەشنه دەزمانەم زۆر بوو بە خەیالما هات که دەستوورێکی بیچکۆلەی زمانی کوردیی بنووسمەوه ٠ ئەم بیره هەر ئەوەندەم خۆش بو که تیی کەویم ؛ هەتا هەڵیم کەند قوولتیر بو ٠ که نەختێ پێشکەوتیم ناقۆلایی حەرفەکان رێسان لێ گیرتیم ٠ دەمێکی درێژو هێزێکی زۆریم له بین کەندنی ئەم رێ لێ گرەما بەکار هێنا ٠ دەستوورەکه خۆی له حەرفەکان ساختیر بو ٠ مین له کەسێ ئەچووم کـه سووژنێکسان دابێتـه دەسو هەڵکەندنی بیرێکی قووڵسان داوا لێ کیردیبێ ٠ سان له یەکێ ئەچووم که دارو پەردووێکی زۆرسان له بەر دەم کۆمەل کیردبێتو ووتی بێتسان که «کۆشکێکی گەوره هەیه له عەینی ئەم دارو پەردووه دورووست کراوه ٠ ئـەبێ تۆ هەر خیشتێ هـەر پارچـه تەختـەیێ ، هەر بزماری ، بـه کورتی هەر پارچـەیێ لەم دارو پـەردووه له چی

ژوورێك یان دەرگا یان پەنجەرەو دیوارو سەربانێکی ئەو کۆشکەدا بە کەلك هێنراوە ، بەبێ ئەوە کە کۆشکەکە ببینی بدۆزیتەوە .»

بە ڕاستی ئەم کارە بۆ مین دەردەسەرێکی گەورە بو چونکە دەستوورێکی کوردی کە بە کەڵك بێ نەنووسرابو هەتا تۆزێ رێم لێ ڕووناك بکاتەوە ، هەر تەقەلابێ بو دام ، هەر بێ خەونێ بو کێشام ، ئێستا ئەم دەستوورەم هێناوەتە مەیدان ، مین ناڵێم کە ئەم کارەم بێ قسوورە ، هەڵبەتە قسووری هەیە . بەڵام خاوەند ئینساف تەماشای گەورەیی کارەکە ئەکا وە لێم ئەبوورێ .

د . ت . و . ١٩٣١

پێش وەڵام دانەوەی پرسیارە گشتییەکان ·

١ ـ ئەم پارچەیە باش‌و لەسەرخۆ بخوێنەوە ·

٢ ـ بەراوردیی بکە لەگەڵ پێشەکییەکەی (سعید صدقی)دا لە هەموو روویێکەوە ·

٣ ـ چۆن سەیری لێکۆڵینەوەی رێزمان‌و رێزمانی کوردی دەکات‌و چیت بۆ روون دەبێتەوە ؟

٤ ـ ئەم پارچەیە ، لەگەڵ ئەم پارچەیەی خوارەوە کە دووبارە هی خۆیەتی بەڵام ماوەیان کەوتۆتە نێوان بە وردی بەراوردییان بکە لەگەڵ یەك ، لە رووی رێنووسەوەو لیستەیێك بکە بۆ پیتەکان‌و نووسینی وشەکان لە هەردووکیاندا ·

رۆژێ لە رۆژان رێبوارێ هاتە ژوورەوە و پیاڵەیێ آوی کرد بە سەرا ، وە کە لێ‌بووەوە ، هەناسەیێکی هەڵ کێشا ، دەرگاوان دەس‌بەجێ چوو بە لایەوەو پێ‌ی ووت کە خاوەن ماڵ تکا ئەکا کە بچێتە لای ·

رێبواریان بردە لای بەختیار ؛ کە چاویان بە یەك کەوت ، دەس بەجێ یەکتریان ناسی‌یەوە · ئەمە بەذبەخت بو · بەختیار لە جێ‌ی خۆی راپەری و دەسی کردە ملی ، ئەم لاو ئەو لای ماچ کرد ، وە لە تەنشت خۆیەوە دای‌نا · لە پاش نەختێ خۆشی چۆنی، بەختیار ووتی :

ـ براگیان ، وەکو ئەبینی ، ئەم کۆشكو سەرایە هی منە ∙ من خـوا دای مێ ، بـە آمـانجی خـۆم گەییشـتم ؛ ئێسـتا زۆر دەوڵەمەندم دیارە کە تۆ هیچت دەس نەکەوتووە ∙ ئەوا سوپاس بۆ خوا ، من هەمە ؛ ئێمە براین ؛ ئەوەی من هەمە ، لەگەڵ تۆذا بەشی ئەکەم ، نیوەی بۆ تۆ ، نیوەی بۆ من ∙ من زۆرم هەیە ، بەشی هەردووکمان ئەکاو لێشمان ئەمێنێتەوە ∙

بەذبەخت ، بێ ئەوە کە خۆشنوودی یێ بنوێنێو سپاسێکی ئەم برا جوامێرەی بکا ، ووتی :

ئەبێ پێم بڵێی ، بەختیار تۆ ئەم دەوڵەتەت لە کوێ ، وە چۆن چنگ کەوتووە ، منیش ئەچم ، وەکو تۆ پەیای ئەکەم ∙

ت∙و ، ١٩٥٦ ∙ ل ٤٨ـ٤٩

# راهێنـــــــان

من ئەڵێم ئـەبێ کێوی پیرەمەگـروون پەرسـتگای میهر و سەراوی سوبحاناغا پەرستگای ناهیە بوو بن · دیوار گوێی هەیە· ڤنگ ڤنگ لە تۆ ، هەنگوین لە من · ئەمشەو هێشووی پەروین بە ناوەراستی ئاسمانەوە جریوە جریوی بـو · پەروین لە هەیوان نوست بو · ئەگەر لە باخەکەدا نوست بوایە ، نەخۆش ئەکەوت · زۆر مەنـو · لەرزو تای هەبـو ، سپاس ، چاك بـوەوە · هەویر شێلەکە بۆ کوێ چو ؟ چوە سەر تەنوور · چواردە نانی تیری برد· چویت شینە · لە سلێمانی شویت و جاترە ئەکەنە یاپراخەوە · ئەسپێکم هەبوایـە ، گشت بەیانیێ سواری ئەبـووم · هێشتا منالەکەیان نەنواندبـو · دۆم ئەسکۆ و ئەسـتێووڵ و مەقاشیش ئەکەن ·

بریندارە کە بە گازی پشتا کەوتبو و ئەی نالاند · ئەوان خاوەنی گاو گۆلکێکی زۆرن · لە باخەکەیانا بەهێ و هەرمێیان هەیە ·

گۆ و گۆچانم نییە · گۆ و گوارەی خواتەوە · دەستیان کرد بە مشتو مڕ · ئەو لذرە بو و منیشی دی ·

ت·و ، ۱۹٥٦ · ل۳۲ـ۳۳

# راهێنـــــان

پووره بەگی کەنی‌یێکی هەبو ، دابوی بە شوو . منالەکەی وورگی هاتبـوو . وورگی زل نەخۆشی‌یێکە . پـار هەمووومان چووبووین بۆ شام ، زوو هاتینەوه ، بەم زووانە دیسان ئەچینەوه ئەوێ . ووشـەی «گاوور» لە بنجدا لە «گەبر»ەوه هاتـووه ، وه ناوێکی زەردەشتی‌یەکان بو . هەموو سالێ چەند رێبوارێ لەسەر شاخی هەرووتە رەق ئەبوونـەوه . مالی حەمە وورچـەوان لە تەنیشت حەمامی مفتی‌یەوه بو . فوو بکە لە ئاگرەکە . دووان دووان وەرنە ژوورێ . مووەکەیان لە چاوم دەرهێنا . پێستەکەیان گروو و پڕیان کرد لـە کا ... سەربازەکە کەپـووی شکاوه . حەسەن بـەگ پەمـوو و برنجی چانـووه . نانەکـە کەرووی هەل هێناوه .

ت.و ، ١٩٥٦ ، ل٢٤

# راهێنـــــان

دوو کەس خۆیان کـرد بە حەوشەدا • یەکێکیـان پیرەکی چەماوەی سـەر و ریش سپی کـە پرچەکانی بـە دەوری سەریا پەخشان بوو ، ریشیشی بە دریژایی بستیك هاتبو ، دەمی لە بەر سمیل و ریش داپۆشرا بـو ، چاوەکانی چووبوون بـە قوولیدا ، ناوچەوانی گرژ هەر وەك ئامادە بی بو پەلاماردانیك ، نیشانەی زەبر و زەنگی روژگاری چەرخی نا هەموار بە ئەرکی ناخۆشی تیا ئەبینرا و ئەخویندرایەوە• دەستێکی بە گوچانەوە بو ، دەستەکەی تری تور بەیەکی پی هەلگرتبو ، چوخەیەکی لە بەرا بو بی کراس، توزیك لەسەروی ناوکیەوە نەبیت ئەگینا هەموو سینگ وگەردنی لەبەر پینەو درراوی رەنگاو رەنگ بوو ، جووتی کەلاشی شرەی چەشنی قیری لەپی‌یا بو ، ئەوی تریشیان گەنجیکی تەمـەنی لـە دوانزە سالان پتر نەبو ، جلەکانی هەر لەو چەشنە بو کە پیرە لە بەریا بو ، بەلام پیلاوەکانی ئەم نویتری ئەنواند ، سینگی پاك ، روومەتی سـوور ، چاوەکانی زەق وەك چـاوی گورگ پرر لە مەترسی بو،رووکرژی ومونیەکەی ئەملەهی پیرە ئەهوەنتر بو•

زمانی کوردی (بەروومی) ، کوردییف ١٩٦١ ل ٧٥ •

بێگومانم ئەوەتی زمانی کوردی هەیە گەلێ زمانی ترلەدایك بوون وهاتوونەتە جیهانەوە ، لـەپاشا نەیان تـوانییوە لـەبەر وەیشومەی رۆژگار بوەستن، بەڵکو مردوون ولەناو چوون، بەڵام زمانی کوردیی وەك (کێوی پیرە مەگـروون) وەستـاوە وسنگی داکوتاوە • وە لەبەر هیچ سێڵاوێکی رۆژگار وگێژەڵووکەیەکی چەرخی کەچ رەفتارانە نەلەرزییوە ودانەچڵەکییوە •••

هەموو زمانێك کە قەڵەمرەوی گەورە بوو ، وە سنووری لە یەك دوور کەوتەوە نەخـوازەلا کە چەمو رروباری گەورەو شاخ وداخی سەخت و کووررریشی تیابێ ئییتر شێوەی زۆری لێ پەیدا ئـەبێ ، وە هـەر شـێوەیەك چەن شـێوەیەکی تـری لێ ئەکەوێتەوە ، ئنجا بەم پێیە زمانی کوردییش گەلێ شێوەی لێ پەیدا بووە ، وە ئـەو شێوانەی کە زۆر لە یەك جیـا بن شێوەی (لورر ، هەورامی ، ئەردەلان ، بابان ، بادیینان ، زازا)یە •

**فەرهەنگی خاڵ • ج١ ، ١٩٦٠ ، ل٢٥**

**کورد ئەڵێ :**

ئەڵێن ئەگەر یکێك توشی «کەهەنگ» بو ـ کەهەنگ نەخۆشیەکە کوتوپرر لە پشتەوە لە ژێر پشتێنەدا پەیدا ئەبێو ئەو شوێنە ژان ئەکا ، وا لە پیاو ئەکا پشتی کورر ئەکا • ئەم دەردە پێ ئەڵێن «کەهەنگ» • جا ئەگەر هاتو یکێك توشی ئەم جۆرە نەخۆشیە بو خۆی بخاتە ئاوی ساردەوە چاك ئەبێتەوە •

ئەڵێن ئەگەر یەکێ «هەزار پێ» چوە گوێچکەیەوە دێنن «هەزبیە»و «هەرزە»و ئاڵەتو زەردەچەوە پێکەوە ئەکوتنو ئەیسوونەوە ، ئەمجا لەگەڵ گۆشتا ئەیکوتن و پانی ئەکەنەوەو ئەیخەنە سەر ئەو گوێیە کە هەزار پێکەی تێچوە ، بە بۆنی ئەوانەوە ئیتر دێتە دەرەوە •

**علاءالدین سجادی ، ڕشتەی مرواری ، ١٩٥٨**

## ڕاهێنـــــان

پاش شۆرشی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ وەزارەتی ڕاگەیاندن بڕیاریدا گۆڤارێکی مانگانە بڵاو بکاتەوە ئەوەبو یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارەمان لە تەشرینی دووەمی ١٩٦٩دا بڵاو بوەوە ، نوسەرانی بەرێز پشتگیرییان کردو خوێنەران قۆستیانەوە ، هەر کە ئاسۆی هیوای کورد بە بەیانی ئازاری

١٩٧٠ رووناك بووەوە گۆڤاری (بەیان) بەرەو پێشەوە تەکانێکی داو سێ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە ، بەڵام سستیو کەم تەرخەمی بە جۆرێ دای گرتەوە لە ساڵی ١٩٧١دا تەنیا یەك ژمارەو لە هەفتاو دوودا دوو ژمارەی لێ بڵاو کرایەوەو بەس ، خوا هەقە نوسەرانی بەڕێزو دامو دەزگای راگەیاندنو خوێنەران هەر لەگەڵ بەیاندا بوون ٠

لە حوزەیرانی ١٩٧٣ وە تا نیسانی ١٩٧٤ شەش ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە واتە ــ لە دوو مانگێدا ژمارەیەك ٠

لە نیسانی ئەمساڵەوە بەیان هاتە سەر (دەزگای هاوکاری بۆ چاپو بڵاوکردنەوەی کوردی) و لە حوزەیرانەوە ژمارە (١٤)ی لە لایەن ئەم دەزگایەوە دەرچوو وا بوو بە گۆڤارێکی مانگانەو لە ناوەڕاستی هەموو مانگێکدا بە رێكوپێکی ژمارەیەکی لێ بڵاو ئەکرێتەوە ٠

وا لەم ژمارەیەوە گۆڤارەکەتان پێنج ساڵی لە تەمەن بڕیو لەم مانگەوە پێی نایە ساڵێکی نوێو ئەو دروشمەی لە ژمارە یەکەوە هەڵیگرتوە کە «بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتوانەو مرۆڤایەتی ، هەڵگری چرای بیری رۆشنی کوردایەتی ، هاندەری قەڵەمی نەترسو پێشکەوتوخوازی٠٠»یە، زیاتر ئەیشەکێنێتەوە٠

**بەیان (ووتەی ژمارە)**
**ژمارە (١٩) ، ١٩٧٤ ــ ٢٦٧٤ی**
**کوردی**

# ( ئەلف بأی ) کوردی بە پیتی لاتینی

وەك لە پێشەکیدا گوتمان نووسـین بە ( ئەلف وبێ ) لاتینیش هەمان دەوری بینیوە لە دەست کاری و ئاڵوگۆر بەسەردا هاتن‌و کەوتنە ژێر باری ئەم زمان‌و ئەو زمان ، بۆیە دەبینین چەند ( ئەلف‌و بێ ) یێك هەیە ، هەریەکە لەشوێنێك‌و ناوچەیێك بەکاردێت ، لە خوارەوە بەلیسـتە دەیان خەینە ڕوو . . .

واتە ئەوەی بەسەر پیتی عەرەبیدا هاتووە ، تا چۆتە قاڵبی گونجانی لەگەڵ دەنگە کوردییەکاند . هەمان هەوڵ‌و تەقەلاو کۆشش کراوە بۆ چەسـپاندنی وێنەی ئەو دەنگە کوردییانە بەپیتی تر ، لەوانە :

١ ـ لاتینی
٢ ـ سلافي

بەڵام هەر یەکەش بـە پێی ئـەو زمانەی زانیویەتی ( زانیوێتی ) ئەو پیتانەی داناوە ، واتە هـەر یەکە کەوتۆتە ژێر باری ئەو زمانە بێگانەیەی دەی زانێت‌و ئـەو پیتانەی کردووە بە بنیاد بۆ وێنە کێشانی دەنگە کوردییەکان .

دانانی ( ئەلف‌و بێ ) ی کوردی لەسەر بناغەی لاتینی پاش جەنگی گێتی یەکەم لە عێراق ؛ ئەرمینیای سۆڤیەت‌و سوریا دەستی پێ کرد بە وەرگێڕانی ( ئەلف‌و بێ ) کوردی بەپیتی عەرەبی بۆ سەر لاتینی ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

لە عێراق‌و لەشاری بەغدا کتێبێکی ئنگلیزی ( سەرەتای

دەستووری زمانی کوردی ) لەلایەن ( مێجەرسۆن )ەوە لە
ساڵی ١٩١٩ بڵاوکرایەوەو بۆ نووسینی تێکستە کوردییەکانی
سوودی لە ئەلفو بێی لاتینی وەرگرت بەتایبەتی نووسینی
دەنگە کوردییەکان ، ساڵی ١٩٢٠ (اولەمین قراءتی کوردی)
بەغدا لە لایەن محمد زکی و میرزا محمد باشقەوە . ساڵی
١٩٣٣ کتێبی (خوێندەواری باو)ی توفیق وهبی بڵاوکرایەوە،
بەم ئەلفو بێیەی خوارەوە کە کاری ئەلفو بێی ئنگلیزیی
تێدا ئاشکرایە :

Aa, Bb, Cc, CH ch, Dd, Ee, Êê,
Ff, Gg, GH gh, Hh, Ii, Jj, Kk,
Ll, Lh lh, Mm, Nn, Oo, Ōō,
Pp, Qq, Rr, Rh rh, Ss, Sh, sh,
Tt, Uu, Uw uw, Vv, Ww, Xx,
Yy, Iy iy, Zz.

تێدا ch و sh و gh بۆ چ و ش و غ دانراوەو rh و lh
بۆ ( ل ، ر )ی قەڵەو ، iy بۆ « ی » ی درێژ . .

لە ئەرمینیای سوڤیەت ئەم ئەلفو بێیە لاتینییەی خوارەوە
لەلایەن أیسحاق مۆرۆ گولۆڤو عەرەبی شامیلۆف «شەمۆ» وە
بەکار هێنرا :

Aa, Bb, Cc, Ce, Çç, Dd, Ee, Əə, Ə̧ə̧.
Ff, Gg, Hh, Ħħ, Ii, Ьь, Jj, Kk, Ll,
Mm, Nn, Oo, Pp, Qq, Rr, Ss, Şş,
Tt, Uu, Vv, Ww, Xx, Yy, Zz.

لەســالّی **١٩٤٥** گۆڕرا بە ئەلف بێی دانراو لەســەر بناغەی ڕووسی «سلافی» واتە ئەو وێنانەی کە لە رووسیدا نین یان لەگەڵ دەنگە کوردییەکان ناگونجێن لاتینییان بۆ دانرا ، کە بەم جۆرەی خوارەوەیەو تائێستا لەکاردایە :

Аа, Бб, Вв, Гг, Г̇г̇, Дд, Ее, Әә
Ӛӛ, Жж, Зз, Йй, Кк, Ќќ, Лл,
Мм, Нн, Оо, Ӧӧ, Пп, П́п́, Рр, Р́р́,
Сс, Тт, Т́т́, Уу, Фф, Хх, Һһ, Һ́һ́,
Чч, Ч́ч́, Шш, Щщ, Ьь, Ԛԛ, Ԝԝ.

لە «سوریا» سالّی **١٩٣٢** لەلایەن میر هەرەکۆڵ عەزیزان «ئەلفو بێ»ی کوردی لەسەر بناغەی ئەلفو بێی لاتینی تورکی دانرا لەگەڵ بەکار هێنانی نیشانەو خاڵی تایبەتی بۆ ئەوپیتە لاتینیانەی لەگەڵ دەنگە کوردییەکان ناگونجێن یان نین بەم شێوەی خوارەوە.

*Aa, Bb, Ce, Çç, Dd, Ee, Êê, Ff,*
*Gg, Hh, Ḧḧ, Ii, Îî, Jj, Kk, Ll,*
*Mm, Nn, Oo, Pp, Qq, Rr, Ss,*
*Şş, Tt, Uu, Ûû, Vv, Ww, Xx,*
*Ẍẍ, Yy, Zz.*

له نێوان ئه‌مانه‌شدا هه‌ن که به‌م ئه‌لف‌و بێیانه یان له‌سه‌ر بناغه‌یان نووسینیان بڵاوکردۆته‌وه.

له‌پاڵ ئه‌وانه‌ی سه‌ره‌وه‌ش سه‌رنجی ئه‌م لیسته‌به‌ش بده‌ن که چه‌ند وێنه‌یێکی تر له «ئه‌لف‌و بێی لاتینی» ده‌خاته ڕوو له‌گه‌ڵ به‌رانبه‌رکه‌ی به «ئه‌لف‌و بێ»ی کوردی که له‌سه‌ر بناغه‌ی ئه‌لف‌و بێی عه‌ره‌بیی ده‌ستکاری کراوه بۆ **گونجان** له‌گه‌ڵ ده‌نگه کوردییه‌کان:

| پاش ۱۹۳۶ | |
|---|---|
| آ | Aa |
| ب | Бб |
| چ | Щщ |
| ج | Ч |
| چ | Ч́ |
| د | Дg |
| ە | Ә |
| ع | Ә́ |
| ف | Ф |
| گ | Гг |
| ه | h |
| ح | ḥ |
| ی | Ии |
| ێ | Ƅ |
| ێ | Êe |
| خ | X |
| غ | Г'г' |
| ژ | Жж |
| ک | K |
| ق | Qq |
| ڵ | Л |
| م | mm |
| ن | H |
| ۆ | O |
| پ | п |
| ڤ | п́ |
| ر | Pp |
| ڕ | Ṕ |
| س | C |
| ش | Ш |
| ت | T |
| ت | T̈ |
| ۆ | Ö |
| وو.و | Y |
| و | W |
| ڤ | B |
| ێ | Ӱü |
| ژ | З |

| ت.و خوێندەواری باو ۱۹۲۳ | |
|---|---|
| ئا | A |
| ب | B |
| پ | P |
| ت | T |
| ج | C |
| چ | CH |
| ح | H |
| خ | X |
| د | D |
| ر | R |
| ڕ | RH |
| ز | Z |
| ژ | J |
| س | S |
| ش | SH |
| غ | GH |
| ف | F |
| ڤ | V |
| ق | Q |
| ک | K |
| گ | G |
| ل | L |
| ڵ | LH |
| م | M |
| ن | N |
| و | W |
| وو | U |
| ۆ | O |
| ی | Y |
| ێ | É |
| ئی | Iy |
| ە | E |

| حاجی جندی ۱۹۳۱ | |
|---|---|
| ئ | a |
| ب | b |
| ت | t |
| ج | h |
| خ | x |
| چ | c |
| د | d |
| ر | r |
| ڕ | z |
| ژ | Ƶ |
| س | S |
| ش | Ş |
| ف | F |
| ڤ | V |
| ق | Q |
| ک | K |
| گ | G |
| ل | L |
| م | M |
| ن | N |
| پ | P |
| ی | J |
| ۆ | O |
| ی | I |
| ا | Ƃ |
| ئە | Ɵ |
| چ | Ƣ |
| ێ | E |
| ئۆ | Y |
| و | U |

| کامەران بدرخان ١٩٥١ | |
|---|---|
| A | آ |
| B | ب |
| P | پ |
| T | ت |
| C | ج |
| Ç | چ |
| H | ح |
| X | خ |
| D | د |
| R | ر |
| Z | ز |
| J | ژ |
| S | س |
| Ş | ش |
| Ẍ | غ |
| F | ف |
| V | ڤ |
| Q | ق |
| K | ک |
| G | گ |
| L | ل |
| M | م |
| N | ن |
| W | و |
| U | وو |
| O | ۆ |
| E | ە |
| Ê | ێ |
| I | - |
| Î | ی |

| جمال نەبەز ١٩٥٧ | |
|---|---|
| A | آ |
| B | بێ |
| C | جێ |
| Ç | چێ |
| D | دێ |
| E | ە |
| Ê | ێ |
| F | فێ |
| G | گاف |
| H | هێ |
| Ḧ | حێ |
| I | ئ |
| Î | ئی |
| J | ژێ |
| K | کاف |
| L | ئل |
| Ł | ئڵ |
| M | ئم |
| N | ئن |
| O | ئۆ |
| P | پێ |
| Q | قێ |
| R | رێ |
| Ř | ڕێ |
| S | ئس |
| Ş | ئش |
| T | تێ |
| U | ئو |
| Û | ئوو |
| V | ڤێ |
| W | وێ |
| X | خێ |
| Ẍ | غێ |
| Y | یێ |
| Z | زێ |

| فەرهەنگەکەی ت.و ١٩٦٦ | |
|---|---|
| A | ئا |
| B | ب |
| C | ج |
| CH | چ |
| D.Ḍ | د |
| E | ە |
| Ê | ێ |
| F | ف |
| G | گ |
| GH | غ |
| H.Ḥ | ه.ح |
| I | - |
| Î | ی |
| J | ژ |
| K | ک |
| L | ل |
| Ḷ | ڵ |
| M | م |
| N | ن |
| O | ۆ |
| Ô | ۆ |
| P | پ |
| Q | ق |
| R | ر |
| Ř | ڕ |
| S | س |
| SH | ش |
| T.Ṭ | ت.ط |
| U | و |
| Û | وو |
| Ü | ۊ |
| V | ڤ |
| W | و |
| X | خ |
| Y | ی |
| Z | ز |
| 6 | ع |
| — | ء |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | e | ء | ١ |
| 2 | b | ب | ٢ |
| 3 | P | پ | ٣ |
| 4 | T | ت | ٤ |
| 5 | C | ج | ٥ |
| 6 | Ç | چ | ٦ |
| 7 | H̄ | ح | ٧ |
| 8 | Ḣ x | خ | ٨ |
| 9 | d | د | ٩ |
| 10 | R | ر | ١٠ |
| 11 | R̄ | ڕ | ١١ |
| 12 | Z | ز | ١٢ |
| 13 | J | ژ | ١٣ |
| 14 | S | س | ١٤ |
| 15 | Ş | ش | ١٥ |
| 16 | ‘ | ع | ١٦ |
| 17 | X̄ | غ | ١٧ |
| 18 | F | ف | ١٨ |
| 19 | V | ڤ | ١٩ |
| 20 | Qq | ق | ٢٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 21 | k | ك | ٢١ |
| 22 | G | گ | ٢٢ |
| 23 | L | ل | ٢٣ |
| 24 | L̄ | ڵ | ٢٤ |
| 25 | M | م | ٢٥ |
| 26 | N | ن | ٢٦ |
| 27 | H | ه | ٢٧ |
| 28 | W | و | ٢٨ |
| 29 | Y | ى | ٢٩ |
| 30 | ū | وو | ٣٠ |
| 31 | O | ۆ | ٣١ |
| 32 | ê | ێ | ٣٢ |
| 33 | e | ە | ٣٣ |
| 34 | A | ا | ٣٤ |
| 35 | U | و | -٢٨٠- |
| 36 | Î | ى | -٢٩٠- |
| 37 | I | — | |

## « راهێنان »

۴ سەرنجی ئەم پارچەیە بدەن کە بەپیتی عەرەبیو لاتینی نوسراوە خۆت دووبارە بینووسەرەوەو بەو جۆرەش نووسینی تر هەڵبژێرە لەم کتێبەو لــە هەر نووسراوێکی ترو خۆتی پێ رابهێنە :

## « ئەشکەوتی گوندۆك »

لە چاو پێد خشاندنێکدا دەردەکەوێت کە نیگارەکە دەستکردی ئاشورییەکان نیە . شــکڵی پیاوەکان هەموویان بێ ریشن ، کەللە خڕو لووتیان راستو بە هێز دیارە . مووی ســەریان بە بڵاوەیی لــە خەتی جوداکردنەوەی تووکی سەردا ، بادراوە ، کەللەیان ، وەکو لە نیگاری ناوەراستدا دەردەکەوێت بەتەواوی رووتە .

رەنگە یەکێك بـە هەڵە نەچێت ئەگەر وا دابنێت کـە ئەم نیگارانـە لەلایەن باپیرە گەورەی کوردەکانی ئێســتاوە دروست کراون کە لە دەست نووسەکانی ئاشوریانەدا بـە « کورتی » هاتوونە ناسینو ئەم ئەشکەوتە جێگای پەرستنیان بووبێ .

ئێستاش تیرەکانی کورد لە ناو چیاکاندا ، سەرخڕیو سیماو ئێسكو لەش پتەوییان لەوان دەکات .

Le çaw pêda xişandinêkda derde kewêt ke nîgareke destkirdî Aşûrî-yekan niye. Şiklî piyawekan hemû-yan bê rîşin, kelle xirulûty an-rastu be hêz diyarin. Mûy sery-an be bilaweyî le xetî juda kird-inewey tûkî serda, badirawe, ke-lleyan, weku le nîgarî nawerastda derdekewêt be tewawî rûte.
Renge yekêk be helê neçêt eger wa dabinêt ke em nîgarane lelayen bapîre gewrey Kurdekanî êstewe dirustkirawin ke ledestnûsekanî Aşûryanda be (kûrtî) hatûne nasînu em eşkewte çêgaypere-stinyan bûbê.
Êstaş tîrekanî kurd le naw-Çiyakanda ser xirîw êskuleş pitewîyan lewan dekat.

ئەلفبای عەرەبی و لاتینی
بەکار هاتووی ئەمڕۆ
بەنموونەوە

E-e ١ - ء له عەرەبیدا تەنیا دەکەوێتە سەرەتای وشە
لەلاتینیدا دەکەوێتە: سەرەتاو ناوەراستو

کۆتایی ، چونکە بەرانبەر بەمو بە «ـە»
یە کە هەمیشە بزوێنـە ، بە پێچەوانەی
«ء» کە هەمیشە دەنگێکی کپە: بۆ نموونە .

ئەگەر ، سەبەتە — eger, sebete

ئێوە — êwe
ئۆردو — ordu
ئاگـر — Agir

٢ـ ب B-b ئەم دەنگە لە هەموو زمانێکدا هەیە ، بە
پێی پێویست دەکەوێتە هەموو شوێنێك
وەك :

برۆ . خەبات . قەڵب — bro, xebat, qelb

بەڵام دیارە لە کۆتاییدا کەمە .

٣ـ پ P-p ئەم دەنگە دەنگێکی ناسراوە لە گەلێك
زماندا ، لە کوردیدا زۆر بەکار دێتو
دەکەوێتە هەموو شوێنێك بە پێی پێویست
وەك :

پەروانە . تەپڵیسەر . — perwane, teplîser.
کۆرپە . تڵپ — korpe, tilp.

٤ـ ت T - t لە هەموو زمانێکدا هەیە لە کوردیدا وەك:

لەت . تو . نەشتەر . — Lat, tû, neşter.

٥- ج جەرگ ، خەنجەر ؛ C. cerg ، xencer
برنج birinc

٦- چ لە گەلێك زماندا هەیە
Ç
پرچ ، چەناگە ، pirç ، çirç -
چرچ : çenage.

٧- ح حەوت ، بڵح H.h. Hewt . bilh

ئەم دەنگە چۆتە کوردییەوەو بەکارهێنانی لەوشەی کوردیدا کەمە ، لەوانەیە دەنگی « ه »ی بێت لە بنجدا ، چونکە زۆر جار هەیە ئەم دەنگەی لە شوێن بەکاردێت وەك : حمزە : هەمزە .
Hemze, Hemze

٨- خ خەو ، خەبات X. xew, xebat
خێو ، بەخت xêw, bext
هەندێك جار پیتی « ق » دەبێت بە « خ » وەك : وقت ؛ وەخت

٩- د داو ، دەرمان : D.d. daw. derman.
سەد ، شادمان : sed. şadiman .

١٠- ر ئەم دەنگە ناکەوێتە سەرەتای وشەو بڕگە. R.r
مەرد؛زەرد،زۆر merd. zerd. zor.

١١ - ڕ دەکەوێتە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی: R̄ , r̄
بەڵام هەمیشە لەسەرەتادا دێت بەپێچەوانەی
«ر» ێی سووك بۆیە نابێت بە نیشانەی
بۆ دابنرێت . وەك :

ڕۆژ ، دڕ ، بڕین . roj . dir . birin .

١٢ - ز زەرد ، زراو ، Z.з . Zerd . Ziraw . baz
سەوزە ، باز ، مەزن. sewze . bazin .

١٣ - ژ هاژە ، کەژاڵ ، J.j . haje . kejal . jan .
ژەنگ،ژاڵە،برژانگ: jeng . birjang
«ج» دەبێت بە «ژ» زۆر جار لە عەرەبیدا.

١٤ - س هەست ، سەر ، S.s . hest . ser .
سالار : کەس salar . kes .

١٥ - ش شۆخ ، بەهەشت : Ş.ş . şox . beheşt .
شەش ، شپرزە : şeş . şipirze .

١٦ - ع لە بنجدا کوردی نیە ، زۆر جار «ئەلف» ، و
بەکاردێت لەشوێنی .
عاست ، عاسمان
ئاست ، ئاسمان Ast . Asman .

---

دەبێت بە «ه»یش وەك:
عومەر ، هۆمەر homer .

زۆربەی وشەکانی ئەم پیتەیان تێدایە عەرەبین .

١٧ـ غ غار ، لغاو ، باغ: X.x̄ . x̄ar.Lix̄aw .bax̄ .

١٨ـ ف فریا ، بەفر ، فریشتە ، کیف : F.f. firya. befir. firişte .

١٩ـ ڤ ڤیان ، تاڤگە ، گڤە : V.v. Viyan.tavge .give
ئەم دەنگە لە دەنگە رەسەنەکانی کوردی نیە ، لە عەرەبیەوە هاتووە.

٢٠ـ ق قەزوان،لاق،تۆقین Q.p ge3wan،Lag،togin
لە هەندێك وشەدا لە جێگەی «ق» «ك» بەکاردێت وەك : رق = رك . ، رق و کیلە « قینە »

٢١ـ ك کەو ، کیسەڵ ، ئەرك K.k . kew . kîseł-enk

٢٢ـ گ گەڵ ، گەردن ، جەنگ G.g . gel . gerdin . ceng

٢٣ـ ل لەنجە ، دلێر ، چل: L.l. lence . dilêr . çil
هەمیشە دەکەوێتە سەرەتا بەپێچەوانەی «ر»ێی سووك و لامی قەڵەو .

---

ق ـ لە هەندێك ناوچەی عەرەبیدا بە (غ) دەخوێنرێتەوە وەك لەزمانی فارسیشدا .

٢٤- ل ناكەوێتە سەرەتای وشەو برگە . L.l
لال ، چڵ ، بڵند lal . Çil . bilind .

٢٥- م مەرگ ، نەمام M.m . Marg . nemam

٢٦- ن نیان ، نەوە ، N.n . Niyan . newe
هەناو henaw

٢٧- ه هەور ، بەهار ، H.h . hewir . behar
بەهرە behre
ناکەوێتە کۆتایی وشە وەك دەردەکەوێت

٢٨- و وەرز ، دەوار ، راو W. werz dewar . řaw

- و کورد ، نوستن : U.u . Kurd . nustin .

٢٩- وو هلوور ، چنوور ؛ Ū.ū . Çinūr .
رەژوو ، روو rejū , rū

٣٠- ۆ کۆڵ ، کلۆ ، دڵۆپە O.o. koľ . kiľo . diľope

٣١- ی لیر ، پەنیر ، پشتی Î.î . lîr . penîr . piştî

- ی یار ، بەیان Y.y . Yar . beyan .

٣٢- ێ لێو ، خێزان ، خێوەت : Ê.ê . lêw , xêzan xêwet :

I.i . birbirage
بڕبڕاگە :

٣٣- ه هەمیشە بزوێنە لـە نووسینی عەرەبیدا ، E-e
لە لاتینیدا بۆ «ه »ی بزوێنو «ء هەمزە»
بەکاردێت بگەڕێرەوە سەر «ء» .
ئەگەر ، پەڵە
eger . pele

٣٤- ا لێرەدا هەمیشە بزوێنە بۆیە ناکەوێتە سەرەتا A-e
لە لاتینیدا دەکەوێتە سەرەتا واتە لەجێی
«ء»و«ا» بەکاردێت وەك : ئاگر (ئا) . Agir
دوو پیتە : لە ناوەڕاستو کۆتاییدا وەك بزوێن
دێت وەك : ساوا ، ئازا Sawa , A3a
بۆ بەراوردی سەرنجی ئەم وشانە بدە :
جاسم Casim لە عەرەبیدا: هاتم - Hatim ،
لە کوردیـــدا ، bird ، Third لەئنگلیزیـــدا
پارەکەی (برد) ، کارەکەی (کرد) لەکوردیدا :
bird , Kird

## ئەنجـــام

١- لە عەرەبیدا - ژمارەی پیت «٣٤» ە + دوو بزوێن .
= لاتینیدا «٣٦» ە
٢- بزوێنەکان حەوتن
و ، وو ، ۆ ، ی ، ێ ؛ ە ، ا
لەلاتینیدا : هەشتن :
u.ū.o.î.ê.e.A.I.

له عەرەبیدا «و» و «ی»

بزوێن‌و دەنگ‌و یەك دەنگ‌و یەك وێنەیان هەیە بەم جۆرە




له لاتینیدا هەر یەکە وێنەی خۆی هەیە بەم جۆرە :




ئەم بزوێنە « I » لە عەرەبیدا وێنەی نیە .

٤ ـ دیفتونگی « وێ » هەر وەك لە عەرەبیدا وێنەی «و» ی بۆ دانراوە لە لاتینیشدا وێنەی هەیە کە ( ō ) یە .

٥ ـ دیفتۆنگي «وی» یژ وێنەی بۆ دانراوەو لەوانەیە هەستی پێ نەکرابێت بەتایبەتی لە شێوەی خواروودا ، لە تورکیدا وێنەی هەیە (ō) بۆ (وێ) (ɵ) بۆ(وی)، کەواتە سەرچاوەکان‌و ناوی ئەو نووسەرو هەندێك لەو کتێبخانەی باسی ڕێنووسی کوردییان کردووە بە هەردوو پیتی عەرەبی‌و لاتینی بە پێی ساڵی چاپ کردنیان .

١ ـ کتابی اولمینی قرائەتی کوردی ـ محمدزەکی و میرزا محمد باشقە ، ١٩٢٠ ، بەغدا بەپیتی لاتینی .

دوو دیفتونگ هەیە ، ئەگەر بگاتە ئەوەی وێنەیارە بۆ
دروست بکرێت دەتوانین لە لاتینیدا بەرامبەر بە (وێ) کە
(ō) بۆ ... دانراوە (θ) بۆ (وی) بەکاربێت وەک تورکی
(ö = وٚ) ، (ō = وێ) ، (θ = وی).

لە عەرەبیدا هەروەکو
(وٚ) بۆ (وێ) دانراوە دەتوانین (ۋ) بۆ (وی) بەکاربێنین
بەم جۆرە
(وٚ ـ ö) ، (وَ ـ ō = وێ) ، (ۋ = θ = وی).

بۆ (ī) کە وێنەی نیە لە عەرەبیدا (ی) یێ بێ خاڵ بەکاربێت
بەم جۆرە.

(یێ ـ î) (یێ = ê) (ی = I) وەک ڕاپێلک و هیچ
زمانێک یان ناسازیکی تێدانیە بەڵکو لە نەبوونی وێنەو
ڕوون کردنەوە بە زمان باشترە هەرچەندە ڕاهاتن بە
شتی نوێ قورسە بەلای هەندێکەوە بەلام ئەم زووتر فێردەبێت
وەک لە ڕوون کردنەوەی شتێک کە نییەو تووشی گەلێک
هەڵەشی دەکات ... ئەوەشی لە یاد نەکەین کە وێنەی (یٚ) بۆ
دانراوە (ی) بۆ (إ) بەلام ئەم ئالوگۆڕە بە پێویست نازانین

٢ـ دەستووری زمانی کوردی ، توفیق وهبی ، بەغـــدا ، ١٩٢٩ « پیتی عەرەبی » .

٣ـ خوێندەواری باو (XONDEWARTY BAW)، توفیق وهبی ، ١٩٣٣ « پیلی لاتینی » .

٤ـ کتێبـا ئەلفبـا (KTEBA ALGBA)، حاجی جندی، ١٩٣١ ، یەریڤان « پیتی لاتینی »

٥ـ ئەلف‌وبێ‌ی کوردی ، حامد فرج ، ١٩٣٦ .

٦ـ ئەلفـــا بێ یـــا من « ELFABEYA MIN » د. کامەران علی بەدرخان ، شام ، ١٩٣٨ .

٧ـ ئەلف‌و بێ. ئیبراهیم ئەمین باڵدار ، ١٩٥١ «پیتی عەرەبی»

٨ـ نووسینی کوردی بەلاتینی ، جەمال نەبەز ، ١٩٥٧ .

٩ـ ƏЛИФБА WAWPN ( ئەلیڤیا ) . h.WbhANY Ф حاجی جندی و ف . جـــەوری . ١٩٥٧ ، یەریڤـان « لاتینی تێکەڵ بە رووسی .

١٠ـ رابەرێ بۆ ئیملای کوردی . نوری عەلی ئەمین ، بەغدا، ١٩٦٦ . پیتی عەرەبی .

١١ـ ئەلفوبێی وێنەدار بە پیتی لاتینی ١٩٧٢ .

١٢ـ ڕێنوس « ڕێنووس » چۆنیـــەتی نوســـینی کـوردی. طاهر صادق ، کرکوک . ١٩٦٩ .

١٣ - ڕێنوسی کوردی . چاپی کۆر ، ١٩٧٦ چاپکراوی کۆر .
١٤ - ڕێنوسی کوردی لە سەدەیەکدا . حامید فەرەج . بەغدا ، چاپخانەی کۆر ١٩٧٦ ،

لەو کتێبانەی باسی دەنگ و پیتی
کوردیی کرووە

1. Kurdish Pialect studies _I.D.N.
Mackkenzie .
London . 1961

2. PAMATИKA ЗMAHE
KŌR‹AИ, Q KORAO
EREVAN 1960
کوردۆیێف

٣ - فۆنەتیکی زمـانی کوردی . محمد امین هەورامانی ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

٤ - زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فونەتیکدا . د. ئەورەحمان حاجی مارف ، چاپخانەی کۆر ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

٥ - سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی زمانی . محمد امین هەورامانی ، بەغدا ١٩٧٤ .

٦- اضافه باكاييف .

٧- دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی - عەرەبی - فارسی
بەغدا ، ١٩٦٢ .

٨- زمانی کوردی بۆ دەست پێ کەران . د. کامل بە سیر .

٩- رێزمانی کوردی. بەکوردیو بەعەرەبی. احمد حسن احمد .
بەغدا ، ١٩٧٦ .

١٠- فەرهەنگی خــاڵ ، شێخ محمدی خــاڵ ، ج ١ ،
سلیمانی . ١٩٦٠

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٤٦٦ لسنة ١٩٨٣.

طبع على نفقة جامعة صلاح الدين

طبع على نفقة جامعة صلاح الدين